"گەرد فلەشەر" ١٨هەژدە ساڵ لە تاراوگەدا ژیانی بردوەتە سەر، بە زەری لە مەکسیک ژیاوە لەگەڵ زەرێک لە هاوڕێ دەرکراوەکانی خۆیدا، دوای ئەوە گەڕاوەتەوە نەرویج، دەستی کردووە بە دژایەتیکردنی ئەو تاوان و ستەمەی لەو منداڵانە کراوە. لە دوا جاردا بوو بە کەسایەتیەکی دیار و گەورە لە وڵاتی نەرویجدا، بە فشاری ئیم ژنە بەهێز و زەرێک لەوانەی گەشکراون بە عەقڵیەت و پڕوەدەی مرۆڤیی سەردەمیانە، توانیان نێک هەر وڵات و کەهەڵاگای نەوریجیی پێشیمان بکەنەوە لەو تاوان و کارەساتەی بەسەر ئەو منداڵانەدا هێناویانە و درێژیان داوە بە تاوانی نازیەکان، بەڵکو لە ساڵی ٢٠٣دا پەرلەمان ناچار کرا کە داوای لە بووردن بکات لە سەرجەم ئەو منداڵانە و، بەیاریش درا کە قەرەبوویەکی تەواوی هەموو ئەو منداڵانە بکرێتەوە. ئێستا هەموو ئەو ژن و پیاوانەی گەڕاونەتەوە بە وڵاتی نەرویج بەر ئەو لێبوردنە کەوتوون و بەو پەڕی بەختەوەریەوە دژین و سوودمەندن لە هەموو قەرەبووکانی ئەو بەیارەی پەرلەمان.

کێچی بە داخێکی زەرەوە، لە کوردستان و عەراقدا بە دڵگەن نەبێت

باسی درێژدان بۆ تاوانەکانی داعش ناکرێت لە لایان ئیزیدیەکانەوە. ئیزیدیەکان زوڵم و ستەمی زۆریان لەکراوە لە لایەن ئیسلامەوە، بۆ تایبەتی لە لایەن داعش دێندەکانەوە، وەلێ زوڵمکردن لەو منداڵانەی لە پیاوە داعشەکانن، هیچ جیاوازیی نییە و هەمووی دڕندەی خانەی تاوانی مرۆییەوە.

**جیهاد موحەمەد/** نەرویج
٢٤/٤/٢٠١٩

---

# منداڵانی تۆخمی پیاوە داعشییەکان بۆ تاوانن... جیهاد موحەمەد

لە ناو کولتووری ئیسلامدا، قسەیەک هەیە، دەڵێت "بزرگاین لەش پیس ناکات"، لەم ئیدیۆمەوە دەموەت بچمە ناو بابتەکەوە!
پێش هەموو شت، ئەم ئیدیۆمە، تەنها بۆ قسەیە و بۆ کردەوە جێبەجێ ناکرێت، ئەوتاوەک چۆن ئەو ژن و کچانەی لەسەر خۆشەویستیی و عەشق دەکوژرێن، بۆ هەمان شێوە ئەو کچ و ژنانەشی، کە دەستدرێژیی سێکسیان دەکرێتە سەر، ئەگەر نەشکوژرێن، چ لای خێزانەکی بگانە، چ لای کەسوکاری خۆیان، بۆ چاوەکی نزم تەماشا دەکرێن، واتا تیرۆری کۆمەڵایەتیان دەکرێت.
ئەم کولتووری باو و ناشیرینەی کۆمەڵگای ئیسلامیی لە ناو ئیزیدیەکانیشدا هەمان کولتوورە، لە بیرمان ناچێت، چۆن دەعایان بەردباران کرد. ئێستاش بەرامبەر بە ژنە ئیزیدییە سکپڕەکانی پیاوە دڕندەکانی داعش و ئەو ژنانەی منداڵیان لە داعشەکان بووە، ئیزیدیەکان هەمان هەڵسوکەوت دەکەن.

داعش، لەسەر بنەمایەکی زۆقی ئیسلام، کە هەموو سەروەت و سامان و کچ و ژنی ئیزیدیەکانی حاڵ کرد و بە دەستکەوت(غەنیمە)ی دانا. کارەسات و تاوانێکی هێندە قێزەون و گەورەیان ئەنجام دا، هێوای مرۆڤایەتی و هەموو ئەو دین و بیروباوەڕانەی دژی ئەم بڕیارە وەحشتییە و ئابوورییە نەوەستانەوە، هێش کرد. هەرچ کەسێک و هەرچ ئایدیۆلۆجیی و

دین و ئاینزایەک لایەنگری ئەم کارە قزۆنە بووبێت، بە دڵنیاییەوە ئەو پێی دڵقیی و بە ویژدانییە.
ئایا تەنها داعش، یان ئەو گروپە تووندڕەو تیرۆریستییە ئیسلامییانە خاوەنی ئەم عەقڵیەتە دڕندەیەن؟ یان لای ئێزیدیکانیش هەمان دڕندەیی و عەقڵیەت هەیە. بە بڕوای من لای زۆرێک لە دین و ئایدۆلۆجییە دگماتیزمییەکان، لای هەموو گروپە تیرۆریست و سیکتاریزمیەکان هەمان عەقڵیەت هەیە، بەئام جیاجیکردنی و جیاجیناکردنی کەوتوەتە سەر ئەوەی تا چەند ئەو دینە، یان ئەو گروپە تیرۆرستی و سیکتاریزمیانە دەسەڵاتیان هەیە. هەرچ کات دەسەڵاتیان هەبوو لە هیچ جۆرە ستەم و تاوانێک بڕامبەر بە دین و بە بیروباوەڕکانی دڕاوەی خۆیان سەناکۆنەوە.
دڕندەیی و تاوان لای هەرچ گروپێکی سیکتاریزمیی، لای هەرچ نەتەوەیەکی نەژاد پەرست، لای هەرچ ئاینزایەکی وەک سوننیەکان و شیعەکان بڕامبەر بە یەکتری، لەسەر کات و دەسەڵات وەستاوە، هەرچ لایەنێک لەم لایەنانە دەسەڵاتی هەبوو، هەستی بە هەڵز کرد، سەلە هیچ نامرۆقبوون و تاوان و دڕندەییەک ناکاتەوە بڕامبەر بەوی دڕوەی خۆی، تا دگاتە ئەوەی کە تاوانی پاکتاوکردنیش بکات.

داگیرکارییەکانی ئیسلام، هەر لەسەر دەمی پێیامبەر(محەمەد)ەوە تا دگات بە ٦٠٠ ساڵەی تەمەنی عوسمانیەکان، جگە لەوەی سەدان وڵاتانیان داگیرکرد، دیان دین و ئاینزایان پاکتاو کرد، دیان گروپ و نەتەوەیان پاکتاو کرد، هەزاران مەکتەب و شوێن و پێگەی ڕۆشنبیریان سوتاند، بە هەزاران و دیان هەزار ژن و کچیان حەڵاڵ کرد بە خۆیان و کردیانن بە کەنیزەک، یان بە گوڕەی شەرعەکەی خۆیان ماڕیان بڕین. ئەمانە هەمووی لەو کاتەوە بوون کە دەسەڵاتیان پەیدا کرد، پێش ئەوە نەرم و نیان بوون و داوای پێکەوە ژیانێکی دیموکراتیانەیان دەکرد و ئێزیان لە هەموو دین و بیروباوەڕێکی دیکە دگرت.

کاتێکیش دەوڵەتگەلێکی عەرەبیی ئیسلامیی و دەوڵەتی سۆفیەکان و فارسەکان و تورکەکان دروست بوون و هەڵگری دینی ئیسلام بوون، ئەمانیش هەر یەکەیان لای خۆیەوە و لە ژێر قەڵەمڕەویی خۆیدا دیان نەتەوە و کەمینەتەوییان پاکتاو کرد. کورد یەکێک بووە لەو نەتەوانەی هەمیشە لە ژێر هێرشەی پاکتاوکردندا بووە، بە چەندین جار لەڕە و لەوەش گروپی گەورە و ژمارەی گەورەی لە پاکتاو کراوە، تەنانەت زمانەکەی لە قەدەغە کراوە، تا ئێستاش تاوان بڕامبەر بە گەلی کورد نەوەستاوە. کەمینەتەوایەتی عەرەب لە ئێراندا بەردەوام

لە ژێر هەڕەشەدایە، ئازەریەکان کە نەتەوەیەکی گەورەن لە ئێراندا بەردەوام لە ژێر هەرشە و چەوساندنەوەدان، لە تورکیادا چەرکەسەکان پاکتاو کران، ئەرمەنیەکان بە سەدان هەزاریان لە پاکتاو کرا، گەلی کورد نیش چەندین جار پاکتاو کراوە، تا ئێستاش لە ژێر هەڕەشەی پاکتاوکردنداین.

سوننیەکان و شیعەکان، کە دوو ئاینزای ئیسلامن و یەک خوا و یەک قورئان و یەک پێامبەریان هەیە، ١٤ سەدە زیاتر لە شەڕ و پەکدادانداون و تیرۆر و پاکتاوی نیک زیندووکانی یەکتری دەکەن، تیرۆری کەسایەتی ئەوانی چەندین سەدەشە مردوون بەردەوامە.
فینیقیەکان و کلدانیەکان و ئاشوریەکان و قبتیەکان و ئەماغیزیەکان، بە تەواوەتی لە لایەن داگیرکاریی ئیسلامەوە پاکتاو کراون.
ئەگەر تەزەک وردبینەوە لە مێژووی خۆناوی دینەکان و نەتەوەپەرستەکان، بە چاوەکی بە لایەنییەوە سەیر بکەین، هیچ نەتەوە و دین و ئاینزایەک، چ وەک خەیان دەڕەن ئاسمانی بێت یان زەوینیی لە کاتی دەسەاتیدا سەی نەکردوەتەوە لە تاوان و دڕندەیی بەرامبەر بەوی دەروەی خەی. کەواتە ئەمە عەقڵیەتەکی نەخۆشی نامرۆڤیە هەموو ئەمانەی گرتوەتەوە. هەتا ئەم عەقڵیەتە بەردەوام بێت، دڕندەیی و سەینەوە و پاکتاوکردن و تاوانی مرۆڤیی بەردەوام دەبێت.

زەربەی خەڵک، وا سەیری ئێزیدیەکان دەکەن، کە گوناح و بە تاوانن، وەلە ئەگەر لە سەنگەیەکی عەقڵانییەوە سەیری تاوان بکەین، سەیری کەمەگە و گروپی مەدەنیی بکەین، سەیری عەقڵیەتی مرۆڤبوون بکەین، هەسەنگاندنمان لەسەر بنەمانی مرۆڤبوون و عەقڵانیی و پێکەوە ژیان بێت، ئێزیدیەکانیش هەر ئەوەندە ستم و زوڵم ناکەن، کە دەسەلاتیان نییە، بەڵام کە دەسەاتیان هەبوو ئیسلام چیی دەکات، ئەوانیش کەمتر ناکەن. لایەنداریی ئێزیدیەکان و هەرچ دین و ئاینزا و گروپ و نەتەوەیەک، دەبێت لەسەر بنەمای دژایەتی چەوساندنەوەیان بێت، نیک لایەنداریەتیەکە سەرمان لە بشەونێت و ئەم دین و ئاینزا و گروپە سیکتاریزمیی و نەتەوە پەرستییانە بڕەو پێ بدات. ئازادیخوازان، ئەوانەن کە بە بیرکردنەوەیەکی مرۆڤییانە و عەقڵانییانە دژایەتی هەرچ جۆرە چەوساندنەوە و تاوانێک دەکەن، نیک لایەنداریەتیە کە ئەوە لە بیر بەرێتەوە، کە لە ەاستیدا،عەقڵیەتی هەموو ئەمانە، یەک عەقڵیەتە،لە کاتی دەسەات و هەزیاندا هەمان شتن.

بیروباوەڕیکی دینیی وەک ئێزیدیەکان، ئەگەر دەی نەسوتێت بە کەسانی لە گشت و ئەسکی خەیین، دەی نەسوتێت بە جگەرگۆشەکەی خەی

وەک ئەزیدیەکان، ئەبێت چۆن جەگەی بڕوا و متمانە بن کە دەستاتیان هەبوو لە داعش خراپتر ناکەن؟
ئاخر وەک ئەو ئیدعای ئاماژەم پێدا: "ئەوی بە زەر بیگەن لەشی پیس نابێت" لەو ڕووەوە زەر ڕاستە، کە کەسانێک بە زەر دەستدرێژی سێکسی بکرێتە سەریان، بە زەر دزیی پێ بکرێت، بە زەر سوالی پێ بکرێت، بە زەر هەرچی پێ بکرێت گوناحبار و تاوانبار نییە. کچ و ژنێکی داماو و بە دەستات کە کەوتوونەتە دەستی داعش دەندەکان، بە زەر سکیان پێکردوون، کردوونیان بە ژنی خۆیان، ئەبێت چ تاوانێکیان هەبێت، ئەستا بە چاوەکی قەزەوەنەوە لە لایەن دایک و باوکیانەوە سەیر دەکرێن و وەریان ناگرنەوە. ئەم تاوانە بە بڕوای من هیچی کەمتر نییە لە تاوانی داعشەکان، هیچیش کەمتر نییە لەو منداڵانەی لە پیاوە ئیسلامانیاکان لە دایک بوون لە وڵاتانێی داگیریان دەکردن، بەڵام کەمێگا و وڵاتانی ئەوساش بە منداڵی"نەشیاو" دایان دەنان و وەریان نەدەگرتنەوە ــ لە بابەتێکی دیکەدا باسی کەمێک لەو منداڵانە دەکەم ــ .

ئەوەی ئەمڕە ئەزیدیەکان دەیکەن بڕامبەر بە کچ و خوشکەکانی خۆیان، کە منداڵە باوک داعشەکانیان پێ فڕێ دەدەن گەورەترین تاوانە، ئەم تاوانە لە سەربڕینی منداڵ و ژن خراپترە. ئەم تاوانە دەمەکێ ساڵە دەگوزەرێت و هەکارەکی سەرەکیشە بە چاندنی دڵڕەقیی و نامرۆڤیی لە هەموو جیهاندا.

**جیهاد موحەمەد/ نەرویج**
٢١/٤/٢٠١٩

---

# وێنەکێ خەی دەدوێت، پێویست بێ قسەکردن ناکات! … جیهاد موحەمەد

لە فەیسبووک، هەر ئەو ناونیشانەی ئەم نووسینەم دەربارەی ئەو تاوانە نووسی، بە پێویستم نەزانی زیاتری لەسەر بنووسم، بەڵام تاوانەکە هێندە ناخ هەژێنە، نەمتوانی بەدەنگی لە بکەم.

لە ئاستیدا ئازاردان و کوشتنی ئاژەڵە بەستەزمانەکان، هیچ جیاوازی نییە لە ئازاردان و کوشتنی مرۆڤەکان، کوشتن و ئازاردانی هەرچ گیانلەبەرێک تاوانە، بە حوکمی وژیدانی زیندوو و بە حکومی یاساش لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا، تاوانە.
من نازانم پاساو چیی بووە بە کوشتن و ژەهراویکردنی ئەو هەموو سەگەڵە، چونکە هیچ پاساوێکی تەندروستیی لە وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگە تەندروستییەکانەوە نەهێنارا وەتەوە بە کوشتن و پاکتاوکردنی سەگە بەرەڵاکان.
ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر پاساوێکی تەندروستییش هەبێت، من لەو باوەڕدام کە چارەسەری تایبەتی هەیە بە پاکتاوکردنی سەگەڵەکی بەرەڵا کە زیانبەخش بن بە تەندروستی مرۆڤەکان و ئاژەڵەکانی دیکە.
ئاخر ئەمە کەمەگایەکین پاکتاوکراوین، دەبوو زۆر سەیر لە پاکتاوکردنی گیانلەبەرەکان بکەینەوە.

ئاخر خۆ ئەم تاوانە یەکەم جار نییە و دوا جاریش نابێت لە کوردستاندا کە دەکرێت بەرامبەر بە ئاژەڵە بەستەزمانەکان. بیرمان ناچێتەوە لە کاتی ئینفلەنزای باڵندەدا، چەند بە دڵقانە بە زیندووویی مریشکەکانیان فڕێ دەدایە ناو چاڵەوە و ئاگریان تێ بەردەدان. بیرمان ناچێتەوە چۆن لەریەکی پێ لە جوجەڵە لەسەر ئاوەی کە گوایە قەدەغەیە بێتە کوردستانەوە ئاگریان تێ بەردا و لە جریوە و جوکە جوکی جوجەڵە هیچ کەسێک نەبووون ناخی نەهەژێت و هاواری لە بەرز نەبێتەوە دژی ئەو تاوانە. دیسان بیرمان ناچێتەوە، چۆن چەند گەنجێکی عەرەب زەرانیان لەگەڵ جاشکەرێکی بەستەزماندا دەگرت و دەیان جار دەیانکوتا بە ئەرزدا و بە شەق تەیان هەڵدەدا.
ئەم تاوانانە، لە ئاستیدا بەتاکردنەوەی ئەو تووندووتیژییە لە ناخی مرۆڤکاندا، لە ناخی ئەوانەدا کە بە دەربەستانە بە بەرچاویانەوە تاوانەکە دەکرێت و هیچ ئاناچەکان. لە ناو کەمەگە پشکەوتوو و مرۆڤدۆست و ئاژەخۆشەویستەکاندا، ئەگەر کەسانێک هەبن بە بەرچاویانەوە تاوانێک ئەنجام بدرێت یان ئازاری ئاژەڵێک بدرێت و بەدەنگی لە بکەن، ئەو کەسەش وەک تاوانبارەکە سزا دەدرێت.

حەق وایە دادوەرە گشتییە بەڕێزەکان لەسەر ئەم تاوانانە بەنە دەنگ و قبووڵی نەکەن. حەق وایە مامۆستا بەڕێزەکانی زانکۆکان، مامۆستا ئاینییەکان، خوێندکارەکانی زانکۆ، مەدیاکاران و ڕۆژنامەنووسەکان، نووسەران و ئەدیبەکان، ڕۆمانووس و چیرۆکنووسەکان، هونەرمەندەکان لەسەر ئەم تاوانانە بەنەدەنگ نەبن و قبووڵی نەکەن.
ئاخر چۆن زانست لە ئەزموونی مرۆڤکانەوە لە تاقیکردنەوەکانی

ژیانەوە سەرچاوەی گرتووە، یاسا کۆمەڵایەتیەکانیش بە هەمان شیوە دەبێت لە ویژدانی زیندووی مرۆڤکانەوە سەرچاوە بگرێت. تۆ بڵێی ویژدانی کۆمەڵگای کوردستان هێندە مردوو بێت ئەم جۆرە تاوانانە ناخی کەس نەهەژێنێت؟!

سەگ، ئەو ئاژەڵە بەوفایەیە، کە ئەوەتا یەکەم شارستانیەتی مرۆڤایەتی دروست بووە، سەگیش بووە بە هاوڕێ و پاسەوانی مرۆڤکان و سەروەت و سامانی خێڵەک دەپارێزیت. ئەمە ئەگەر بەرامبەر بە بەوفاترین ئاژەڵ ئەمە هەڵوێستمان بێت، ئەوا ئیتر چ متمانەیەک بە یەکتری بکەین وەک مرۆڤ لە نێوان خەماندا.
سەگە بەرەکانی ناوشار، دیارە کارەکی خراپە، وەلێ چارەسەری زۆر هەیە بە دوورکەوتنەوە و نەهێشتنی ئەم سەگە بەرەڵانە. ئاخر لە کوردستاندا بەداخەوە، سەگ یان شێت سەگی پێ دەکرێت و سەگێک بەرەڵا دەکەنە گیانی سەگێکی تر بە بەرچاوی دێیان کەسەوە، یەکتری کەڵەپاچە دەکەن، خوێن لێ یەکتری دەهێنن، یەکتری دەخنکێنن، کەچی چەپۆی بە لێ دەدەن و، کاکی مەدیاکاریش بە ئارەزووی خۆی وێنەیان دەگرێت بە ئەوەی بە پێخەمبەرگرتن بێت، تەنها لە پێناوی گەرم کردنی مەدیاکەیدا.

ئەوە تەماشاکەن، سەگ لە پاسەوانیەوە، لە کوردستاندا کراوە بە دەندەیەک، کە سەگی هەوشاری شوانێک ورگی باخەوانێکی هەڵدەی و پارچە پارچەی کرد، یان ئەوەتا دەبێت سەگ بەم جۆرە ژەهروی بکرێت و بە دێیان لاشەی لەو ناوەدا بەاوبکرێتەوە. بە ڕاستی شار و شارنشینیی و شارستانیەت کەوتەتە ژێر پرسیارەوە لەسەر ئەم هەڵوێستە دەقانە.
بەڕاستی دادوەرە گشتییە بەڕێزەکانیس کەوتوونەتە ژێر پرسیارەوە، کە بەدەنگن بەرامبەر بەم هەڵوێستە دڕندانە.
هیوا خوازم کۆتایی بەم دەندەیی و دڕندەییە بهێنرێت لە کوردستاندا.

جیهاد موحەمەد/ نەرویج
١٠/٤/٢٠١٩

# مرۆڤی رۆژهەڵاتییەکان بە مێژووی هەڵە و نە مێژووکردە ... جیهاد موحەمەد

کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان بە گشتی، کۆمەڵگاگەلێکی بە بڕهەمن، هەنگۆ ئەم بڕچوونە هەندێک گشتگیریی پێوە دیار بێت، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەست ئەوەیە، کە هەموو کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان بە ڕێژەیەکی یەجگار گەورە مشەخۆرن، هیچ بڕهەمێکی ئەوتۆی زانستیان نییە، ئەگەر هەشبێت بە بڕاورد بە بڕهەمە زانستییە هاوردەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکاو و یابان و ئوسترالیاو و چاینا و وڵاتانی دیکە، ئەوەندە کەم و لاوازن کە پێوانەیەکی ئەوتۆیان بە ناکرێت.

کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان بڕخۆرن، بە جۆرێک بڕخۆرییان هەیە بە کەلوپەلە بڕهەمهاتووەکانی وڵاتانی دەرەوەی خۆیان، لە دەرزیەکی دروومانەوە تا دۆگات بە هەموو کەرستەکانی جل و بڕگ و خۆگرمکردنەوە و کەلوپەلی ناومان و دامەزراوە حوکومیی و مەدەنییەکان، هەموو کەرستەکانی پێوەندیکردن و هاتوچۆکردن هاوردە دەکرێت و، زۆر بە دۆگمەن کەرستەگەلێکی خۆمالیی هەبن. هۆبەت هەموو ئەم ڕووشی هەژارییەش لە نەبوونی نەزانین و زانستەوە سەرچاوە دەگرێت، واتا زانست و بڕهەمە زانستییەکان هەموویان هاوردە دەکرێن.
کاتێک دەگوترێت، کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان دواکەوتوو و هەژارن، مەبەست لە دواکەوتوویی و هەژاریی دەست و پێ سپێتیی ئەم کۆمەڵگایانەیە لە بڕهەمهێنانی هەموو ئەو کەلوپەلانەی کە بڕهەمی پێشکەوتنە زانستیەکانە. زانین و زانست و پەروەردە دواکەوتوو، بەیە بڕهەمیش یان نییە، یان دواکەوتووە.

هەکار و فاکتەری سەرەکی دواکەوتوویی و هەژاریی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان، قەتیسمانیانە لە یەک زەماندا، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتیی بە زەمانە سروشتییەکانی خۆیاندا، کە "ئابوورد، ئێستا و داهاتوو" تێنەپەڕیون. هەمان بیرکردنەوە، هەمان پەروەردە، هەمان کولتوور، هەمان بڕهەمی مەعریفیی، هەمان دیدگا و فەلسەفەی ژیان لە مشکیاندا خەی نوە دەکاتەوە، هەنگۆ گەانکاری تەنها لە فەرمکانیاندا هەبوو بێت، نەک لە ناوەکیاندا، بەیە دەشت

بەین، مرۆڤ رۆژهەڵاتیی خاوەنی مێژوو نیە و مێژووکرد نیە. دواتکەوتووییی و هەژاریی بوارە زانستیکان و پیادەکردنی پڕوردەیەکی نەریتیی لە فەرگەکاندا دگەتوە بە نەبوونی دیدگا و جیهانبینیەکی فەلسەفیانەی پشکوتووی دەسەات و حوکمانکانی ئەم وەات و کەمەگانە، چونکە ەگرن لە هەرچ پشکوتنکی بواری پڕوردە، بە ئەوەی بتوانن لە ەگەی نەزانین و جهالەتوە درێژە بە حوکمانی خیان بدەن.

دیان سەدیە، یەک دیدگای چەقبەستوو خەی سپاندووە بەسەر کەی کەمەگاکانی ەهەاتییدا، ئەو دیدگایە، دیدگایکی دگماتیزمیی و نەریتییە، بە جۆرێک ئەم دیدگا چەقبەستووە زاە، کە زۆربەی هەرە زۆری خەکی ئەم وەاتانە لە واقوماندکدا ماونەتوە، پرسیارگەلێک لە مشکیاندا دەسوەتوە وەک: بۆچی وەاتانی ەژئاوا بەردەوام لە پشکوتندان و ئەمش لە دواکەوتندا؛ بۆچی ئەوان تا ئاستکی بەرز لەباروگوزارنکی باشدا دەژین و ئەمش لە باروگوزرانکی خراپدا؛ بۆچی ئەوان کەمترین شە و پکدادان لە نەوانیاندا دروست دەبت، ئەمە بەردەوام خەریکی شەی ئایین و دین و نەتەوە و نیشتیمانین؛ بۆچی ئەوان ئازادییکی بەرفراوانییان هەیە و کەمترین اسیستیی و ەگەزپەرستیی لە نەوانیاندا هەیە، بۆچی ئەمە کەمترین ئازادیمان هەیە و پکەوە ژیانمان نییە و زەرترین ق و کینەی دینیی و ناسیونالستیی و ەگەزپەرستیی لە نەونماندا هەیە؛ بۆچی ئەوان خاوەنی زانین و زانست و زانیارین، ئەمە مشخەرین بەسەر بەرهەمکانی ئەوانەوە؛ بۆچی ئەوان بەرهەمهێنەرن و ئەمە بەرخەرین؛ بۆچی ئەوان کەبەکە دکەن لەسەر دەزینەوە زانستیکان و ئەمە کەبەکەمانە لەسەر نەتەوەپەرستیی و ئاینپەرستیی؛ بۆی ئەوان فرەشیاری بەرهەمە پیشسازیی و زانسیکانن و ئەمە تەنها فرەشیاری بەرهەمە سروشتییکان و وزەی ژێر زەوین؟ دیان پرسیاری لەم شەوازانە لە خەمان دکەین بە بە وەام!

ئەم پرسیارانە زەر گرنگن،لە ژیانی دوروودرێژی ئەم کەمەگانەدا سەرچاوەی دروستبوونی هەندێک لە حیزب و ەکخراوی سیاسیی و کەمەایەتیین، سەرچاوەی خەباتکردن و تکۆشانکی دووردرێژ و گەورەن. لەرەدا نامەوەت بچمە سەر ئەوەی بۆچی ئەم حیزب و بزووتنەوە و اپەینانەی خەکی شرشگێ سەرکەوتنیان بە دەست نەهێناوە، یان بۆچی لە ئەنجامدا هەموو اپەین و شرش و بزووتنەوە زگاریخوازیی و ئازادیخوازییکان لەبار دەبرەن، یان دەستوسانن لە گەانکارییکاندا؟ ئەمە بابەتی ئەم نووسینە نییە،

هەوڵ ئەدەم بابەتێکی تایبەتی لەسەر بنووسم. بەڵام دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە هەکار و فاکتەری مانەوەی دواکەوتوویی و هەژاریی و هەموو نەهامەتییەکانی ئێم کەمەگانە، ئەوەیە کە نەیانتوانیوە گەناکاری لە بیرکردنەوە و عەقڵیەتی خەیاندا دروست بکەن. وەک چۆن لە ڕووی زانین و زانستەوە دواکەوتوو و هەژارن لە ڕووی هەگبانەوەش بەرامبەر بەم ڕووشە خراپەی خەیان هەژار و دواکەوتوون، کاتێکیش هەگبەاونەتەوە، وەک پێشتر ئاماژەم پێدا خەیان ئادەستی شکەش و بزووتنەوەگەلێک کردووە، خەیان تووشی شکە و پێکدادانێک کردووە، کە بزووتنەوە و شکە و پێکدادانی ئەوان نەبووە، بەڵکو لە جیاتی دەستاتخوازەکان کردوویانە.

کەمەگا هەژهەاتییەکان بە تاک و کە بوون بە ئەبجێکت و کاریان لەسەر دەکرێت، هەم حوکمەانە داگیرکەرکانی خەیان ئاستەوخە کردوونییان بە ئەبجێکت و کاریان لەسەر کردوون، هەم دەوڵەتە زلهێزکانی دنیا لە چەندین ڕەگەی ناڕاستەوخەوە کردوونییان بە ئەبجێکت و کاریان لەسەر کردوون، هەروەها ئایدۆلۆجیە ئاینیی و ناسیۆنالستییەکان و کولتووری باو کردوونیان بە ئەبجێکت و کاریان لەسەر دەکەن.

لە ڕاستیدا جیاوازی گەورەی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤ، ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت مامەیەکی شەرشگەانە لەگەڵ خودی خۆی و سروشت و دەوروبەریدا بکات، وەلێ ئاژەڵ ئەو توانایەی نییە، چونکە بیری بە ناکرێتەوە، بەیە ناچار خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ سروشت، ئاژەڵەکان یەک زەمنیان هەیە و هیچی تر، وەلێ مرۆڤ دەتوانێت مێژووی خۆی بە واتا فەلسەفییەکەی دروست بکات و زەمەنەکانی ژیانی کەمەایەتیی و سیاسیی خۆی تێپەڕێنێت. دەتوانین بڵێین مرۆڤی هەژهەاتیی تا ئاستێکی زۆر نەیتوانیوە خۆی لە ئاژەڵ جیا بکاتەوە، بەیە بە هەمان شێوەی مەگەل هەوڵی داوە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ سروشت و دەوروبەردا.

لە باشترین حاڵەتدا کە توانیبێتی بەسەر کارەساتە سروشتیەکانی وەک لافاو و بومەلەرزە و زریان خۆی بپارێزێت، یان خۆی لە سەرما و گەرما بپارێزێت، یان خۆی لە نەخۆشیە کوشندەکان بپارێزێت، لە ڕەگەی بەکارهێنانی کەرستەگەلێکەوە بووە، کە بەرهەمی خۆی نەبووە، بەڵکو بەرهەمی کەمەگا زانستییەکانە، ئەمە هەکاری سەرکیە بە مانەوەی ئێم کەمەگانە لە جەگەی خەیاندا، هەتا بەرهەمێکی مەعنەویی و زانستیی بەرهەم نەهێنرێت، مەحاڵە بتوانن خەیان لە مەگەلیی و ئەبجێکتیی ڕزگار بکەن. بەکارهێنانی بەرهەمە زانستییەکانی کەمەگاکانی دیکە، تەنها سەرسامیی لەوی مرۆڤ و کەمەگای

ڕۆژهەڵاتیی دروست کردووە، لەم حاڵەتدا مرۆڤ لە واقوڕماندا دەمێنێتەوە و کولتوور و شێوازی بیرکردنەوەی خۆی بە ناگەڕێت. مرۆڤی ئازاد و کۆمەڵگای ئازاد، ئەو مرۆڤ و کۆمەڵگانەن، کە توانیویانە ببن بە سەبجێکت و خۆیان لە ئەبجێکتیی ئایدەلۆژیە دگماتیزمەکان ڕزگار بکەن، ئەمەش بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و پەروەردەیی دەکرێت، نەک بە شێوە و پێکەدانێک لە پێناوی دەستەباتخوازە نەتەوەپەرستەکان و ئایینپەرستەکان و ئایدەلۆژیە پەرستەکان.

کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان زۆربەی جار کە دوای حیزب و بزووتنەوە سیاسییەکان دەکەون بە ڕزگاریی و ئازادییەوە، وەلێ ئەوەیان بە جیاناکرێتەوە، کە ئەم حیزب و بزووتنەوانە، لە ئەنجامی سەرکەوتنیشیاندا، ئەگەر سەربکەون، درێژەپێدەری هەمان ڕەوشی ستمکاریی و چەوساندنەوەن، لەرەشدا وەک چۆن دەسەڵات و حوکمڕانە ستەمکارەکان هەیاندسوڕێنن، بەهەمان شێوە حیزبە دینیی و نەتەوەپەرستە دەڕەقەکانیش لە پێناوی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا هەیان دسوڕێنن، چونکە ئەمانە دەسەڵاتخوازن نەک هێزی ڕزگاریی و ئازادیی و دیموکراسیی، کەواتە لەرەشدا، هەر ئەوەندە خۆیان لە ئاژەڵە بە جیا دەکرێتەوە، کە دژی چەوساندنەوە و ستەمن، وەلێ نەزانن و نازانن چۆن ئازادی و ڕزگاریی بە دەست بهێنن، بۆیە خۆیان ئادەستی گرووپگەلێک و حیزبگەلێکی ناشرشگەڕ دەکەن، بەناوی شرشگەڕیەوە، ئەم خەسڵەتەستکردنەش لە لایەک ناهۆشیاریی و نەزانینە لە لایەک ترسە لە ئازادی، ئاخر چۆن حوکمڕانەکان لە ئازادیی میللەت دەترسن بە هەمان شێوەش میللەتی ناهۆشیاریش بوێر و ئازا نییە بە ئازادی، هەر بۆیە هەرکەس لەگەڵ بیرکردنەوەیەدا نەبێت، دەیخاتە خانەی خیانەتەوە، بە ناوی خیانەت لە ئایین، خیانەت لە نەتەوە، خیانەت لە نیشتیمان و خیانەت لە کولتوور. ئەم خەسڵەتەستکردنە بە جۆرێک قووە دەبەتەوە لە ناخ و مێشکیاندا، کە هەرچی هەوە و خەبات و تێکۆشان و کوشتن و بڕینکیان هەیە دەچێتە خزمەتی حیزب و گرووپە سیکتاریزمیی و دەسەڵاتخوازەکانەوە، ئەمانیش لە هەمان ژینگەی نەزانین و جەهالەتدا خول دەخۆن و لە مێژوویەکی ناهەمواری پڕ لە مەینەتییدا دەمێننەوە.

ئەبەت ئەوەش بڵێم، کە نەزانین و ناهۆشیاریی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە زانین و هۆشیاریان لە داگیرکراوە، دنا هیچ مرۆڤێک نییە، نەزان و جاهیل بێت. بۆیە شێوەی پەروەردەیی دایکی هەموو شۆشکانێ، واتە شۆشکانی تر لە شرشی

پەروەردەییەوە لە دایک دەبن. یەکێک لە خەسڵەت و پرنسیپە سەرکییە خراپەکانی سەرکردە ناشەرەفەکان، کە بە ناوی شۆڕشەوە دەیان سەدەیە شەڕ و پێکدادان دروست دەکەن نەبوونی پەروەردەیەکە کە مرۆڤبوون بەرهەم دەنێت. هەرچ شۆڕشێک کە مرۆڤبوونی بەرهەم نەهێنا، دڕندەی خانەی شەرشی چەواشەکارییەوە.
دیسان ئەبەت ئۆوەش بڵێم، کە پەروەردە و شەرشی پەروەردەیی بە لایەن نییە، بەڵێ دەسەڵاتی ستەمگەر هەمیشە دژی پەروەردەی نوێ و شەرشی پەروەردەیی دەوستێتەوە.

**جیهاد موحەمەد/** نەرویج
٢٧/٣/٢٠١٩

---

# سەردانەواندنی ئۆژاوا بۆ ئیخوانیەکان بۆ؟ جیهاد محەمەد

هەر لە دوای پاشکۆ و ئوخانی دەوڵەتە بە ناو سۆسیالیستەکانی دنیا و دروستبوونی یەکجەمسەریی پاوەری ئەمریکا و دەوڵەتە بەهێزەکانی تر لە ئۆژاوادا، ساڵ بە ساڵ و دێ دوای دێ، ئەم هێزە یەکجەمسەرییە لە ئۆژهەڵاتی ناوین و ئاسیادا داگیرکاری ئابووریی و سیاسیی خۆی زیاتر باڵدەکێشێت بەسەر ناوچەکەدا، هەبەت لە ڕێگەی ئەو گۆڕیەیی تەکنەلۆژیا و بڕپاکردنی جەنگی ئیخوانەکان لە ناوچەکەدا ئەم داگیرکارییەی خۆی زیاتر دەکات. ئەم زلهێزانەی ئەمریکا و ئەورووپا لە ڕێگەی خرایی ئەو هەموو پشکۆوتنە گۆڕیەی تەکنەلۆژیاکیانەوە توانیویانە تەواو حوکمی خەیان لە ڕووی ئابووریی و کولتووریی و سیاسیی و ئەمنییەوە بسەپێنن بەسەر کەی ئەو وڵاتانەدا کە هەژارن لە بواری پشکۆوتنی زانستیی و تەکنەلۆژیادا.

لە لایەکی دیکە لە ڕێگەی بڕپاکردنی جەنگی ئیخوانیەکان و گروپە تووندڕەو و تیرۆرستکانەوە گەورەترین هەڕەشەیان دروست کردووە بە سەر حوکمڕانکانی ئەو دەوڵەتانەی ناو دەبرین بە جیهانی سێیەم. ڕێگەخۆشکردن و بە دزیەوە پشتیوانیکردن لە هێزە تیرۆرستییە

ئیسلامییەکان سیاسییەکان، بە ئاوەیە، کە بە دەوڵەتان و حوکمڕانکانی ناوچەکە بڵێن ئەگەر ئەمە نەبین ئیخوانییەکان دەتانخۆن، بەمەش توانیویانە هەم بەرژەوەندیەکانی خۆیان بپارێزن لە ناوچەکەدا هەم سامان و داهاتی ناوچەکە زیاتر بە خۆیان داگیر بکەن و حوکمڕانکانیش زیاتر لەترسی ئەو هێزە تیرۆریستیانە چەک دابدەن بەیان.
باڵادەستی شیعەگەرایی هەر لە ساڵی ١٩٧٩وە کە لە ئێراندا هاتنە سەر حوکم، یەکێک بووە لەو هۆشانەی لە حوکمڕانە سوننییەکان دەکرێت. هێرشەها بە درێژدانە بەو شێوە نەگریسەی دەیان سەدەیە بەرپا دەکرێت و مرۆڤ و ئابووری ئەم وڵاتە ئیسلامییانەی دەرخوارد دەدرێت، بە ئاوەی هیچ جۆرە بەرژەوەندیەکی خەڵکی ناوچەکەی تیدا بێت، هەموو کەسیش ئاوە دەزانێت، کە بە لاڕێدابردنی شەرشی خەڵکی ئێران دەستی ئەمەریکای لە پشتەوە بوو.
پشتیوانیکردنی ئەمەریکا لە حوکمی ئێردۆغان و ئاکپارتی، کە ئێستا بووە بە هێشەیەکی گەورە لە ناوچەکەدا، هۆگەیەکی تر دژی دیموکراتیێت و مافە دیموکراتییەکانی گەلی کورد لە ناوچەکدا.

بە لاڕێدابردنی ئاو ئاپۆینانەی خەڵکی وڵاتانی عەرەبی(بەهاری عەرەبی) و هێرشەها ئاو شێوە ماوەرانییە لە سووریدا بەرپا کراوە بە ناوی ئاپۆزسیۆنی سووریاوە دژی حوکمڕانە دیکتاتۆرە بەعسیەکەی ئاو وڵاتە، زیاتر چوونە خزمەتی ئیسلامی سیاسیی و تیرۆستەکانەوە لە ناوچەکەدا، هێبژاردنی هۆگەیەکی تری ئەمەریکا و ڕۆژاوا بوو بە ئاوەی هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەک بە بە دیموکراسییکردنی دامودەزگاکانی فەرمانڕەوایی لە ناوچەکەدا نەمێنێت، چونکە هەتا ڕۆشی خەڵکی لە ناوچەکەدا ئارام بێت، هەتا سیستمی پەروەردە بە دیموکراسیی بکرێت، هەتا کولتووری دیموکراسیی ببێت بە ڕەبازی ژیانی خەڵکی، خەڵک زیاتر چاوکراوە دەبێت بە پاراستنی ژیانی خۆی و دژایەتی هەرچ جۆرە داگیرکارییەکی ئابووریی و کولتووریی لە لایەن دەوڵەتە زلهێزکانی دنیاوە.

دروستبوونی قاعیدە و داعش و هۆگەپەدانیان بە ناوی دژایەتی شیعەگەرایی و حوکمڕانە نادیموکراتکانی ناوچەکە، ئەمیش هۆگەیەکی تریان بوو، کە توانیان بیخنەوە خزمەتی خۆیان و وەکیلە حوکمڕانکانیان لە ناوچەکەدا.
ئەم سیاسەتە دزێو و نامرۆڤیانەی ئەمەریکا و ڕۆژاوا گەورەترین چەکی کوشندە و لەدانکی گەورەیە دژی هەموو هێزە دیموکراتخواز و مرۆڤدۆستکان لە ناوچەکەدا. لە ناو ڕۆژاواشدا کە لانکەی گەورەترین

پشکۆتن و وەرچەرخانی مرۆڤایەتی بوو، گەورەترین شۆشی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لەو بەرپا بوو، هێنسانس و هێشنگەری لە ناوجەرگەی ئەورووپاوە سەریهەڵدا، بەڵام بەم سیاسەتە ترسنۆکانەیەی ئەمەریکا و دەوڵەتانی هێژاوا، یان ئەوەی پێی دەگوترێت هاوپەیمانانی ئەمەریکا، گەورەترین هێدانیان دا لە هێشنگەریی و دەرنجامە باشکانی هێشنگەریی. ئەم سیاسەتە ترسنۆکانەیە لە پێناوی چنینەوەی زیاتری سامانی وڵاتانی ناوچە هەژارەکانە.

هیزی ئیخوانیەکان کە دژی دیموکراتیەتن، دژی حوکمی خەڵکن، دەیانەوێت حکومی قورئان و خوا بسپێنن بەسەر خەڵکدا، گەورەترین هەزیان پەیدا کردووە لەم چەند دەیەی دواییەدا، ئەویش بە هەکاری ئەو ترسنۆکیەی ئەمەریکا و دەوڵەتانی هێژاوا، کە هەر ئێستا لە زربەی زەری وڵاتانی ئەورووپادا ئیخوانییەکان بە ئاشکرا دەیان نووسینگە و قوتابخانەی ئیسلامیی و مزگەوتیان دروستکردووە و تیایدا وانەی دژایەتیکردنی هەموو جەریک لە پشکۆتنەکانی مرۆڤایەتی و ئازادیەکانی تیادا دەخوێندرێت. باڵادەستی ئیخوانییەکان لە ئەورووپادا، بە ناوی دیموکراتیەوە دەگوزرێت، وەلی لە ڕاستیدا ئەوە موجامەلەی ئیخوانیەکانە لە لایەن دەوڵەتە چاوچنۆکەکانی ئەورووپاوە، بە ئەوەی هەم دەستنوێشنن لە بەرژەوەندیەکانیان لە ناوچەکەدا، هەمیش بە هەزیان بکەن بە ئەوەی زیاتر و زیاتر حوکمانە دیکتاتەر و تۆتالیتارەکانی ناوچەکە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خەیانەوە و بتوانن لەم هێگەیەوە گەورەترین سامانی ئەم وڵاتانە ببەن بە خەیان. ڕەژاوا، بەم سیاسەتە ئابووریە چاونەکیەی، لەدانکی گەورە دەدات لە کولتووری هێسنەکەی خەی، بەڵام زیاتر ئەم لەدانە کولتووریەی خەی کە کولتووری دیموکراسیە، لەدانە لە دیموکراسیی لە هەموو جیهاندا و بە تایبەتی لە هەزە دیموکراسیەکانی ناو کۆمەگە دواکەوتووەکاندا.

---

# پاشکەوتی موچە و پاشکەوتی

# مەعریفە و فریبوون! … جیهاد موحەمەد

مامۆستایان و فەرمانبەران و هەموو کارمەندەکانی کوردستان تەواو مافی ڕەوای خۆیانە خۆپیشاندن بکەن و دەنگی ناڕازایەتیان بەرزبکەنەوە دژ بە پاشکەوتی موچە. بەڵام بەدەنگیان لەسەر پاشکەوتی مەعریفە و پڕوپوچ، مامۆستایبوون و پڕوپوچ ناسینیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.
ئەوە ڕاستە پاشکەوتی موچەکانی مامۆستایان جۆرێکە لە نانبڕین و بریسیکردنی خۆیان و منداڵەکانیان، جۆرێکە لە ستەمکردن و پشێلکردنی مافەکانیان هەم وەک مامۆستا و هەم وەک مرۆڤێکی کارمەند و بەرهەمدار، کە بەرهەمەکانیان بەرهەمێکی مەعریفییە. بەڵام لەوە ڕاستر و لەوە ستەمکاریتر بڕامبەر بە خۆیان و منداڵەکانیان و منداڵانی هەموو کەمێگ، پاشکەوتنکردنی "مەعریفە" و "فریبوون". پاشکەوتنکردنی مەعریفە و فریبوون بە واتای شواندنی مەعریفە و فریبوون دێت.

پاشکەوتنکردنی مەعریفە و فریبوون، ستەمکاری و شواندن و خراپکردن و گەندەڵی گەورەی پڕوپوچییە، کە پاولە فرێری ناوی دەبات بە(میتۆدی بانکی). چۆن لە بانکەکاندا پارە هەڵدەگیرێت بە کات و ڕەژی پێویست، لە پێیەڵ و سیستەمی پڕوپوچی نەریتیی و دواکەوتووشدا مەعریفە و فریبوون وەک داهاتێک دادەنرێت، کە لە مەشکی مامۆستا نەریتییەکان و مەشکی فەرمانڕەوا ستەمکارەکان و ڕەشنبیرە نەریتییەکانیان و کتێبەکانیاندا تەمارکراوە، ئەم داهاتە لە فەرگە نەریتییەکاندا دەدرێت بە فەرخواز وەک خزمەتی زانین و فریبوون، تا فەرخوازیش لە مەشکی خۆیدا تەماری بکات و بە کاتی پێویست کە تاقیکردنەوەکانێتی، وەک خۆیان بیڵێتەوە، یان بینووسێتەوە. ئیتر ئەم مەعریفە و فریبوونە ئەفسانەییەی فەرمانڕەوا ستەمکارەکان دەبێت بە کولتوورێکی زاڵ، ئەم کولتوورە زاڵە چۆن لە فەرگەکاندا گوڵەیی و کێڵبوونی فەرخواز بە مەعریفە "پێدراو"ەکەی مامۆستا و کتێبەکان دەکات بە پێویست، بە هەموو کەمێگەش دەبێت بە کولتووری خواهنان لەگەڵ نادادپەروەرێکان و نایەکسانێکان و نامرۆڤبوون و تووندوتیژی ستەمکارە فەرمانڕەواکاندا.

لە ئەنجامیشدا نەک جارێک، چەندین جار بە درێژایی فەرمانی

فەرمانڕەوا ستەمکارەکان نانبەین و بە موچەکردن و بە دەیان ناوی وەک پاشکەوتی موچە و دەیان پاساوی وەک پاساوی قەیرانی ئابووریی و دابەزینی نرخی نەوت، نانبەین و ستەمکارییەکان خەیان نوە دەکەنەوە. کەواتا چارەسەری نانبەین و پاشکەوتی موچە بە گەڕانەوەی موچەکان ناکرێت، بەڵکو بە هەڵتەکاندنی کولتووری زاڵی ستەمکاران و پەروەردەی نەریتیی و فەرگە نەریتیەکان دەکرێت، بەمەرجێک لە جێگەیاندا فەرگە و پەروەردەیەکی هاوچەرخ و نوە دامەزرێت، کە هەردوو جەمسەری هاوکێشەی چوسەنەر و چەوساوە هەڵتەکەنێت و لە جێگەیدا کەمەگەیەکی هاوسەنگ و دادپەروەر و یەکسان دروستکات.

مەعریفە و پەروەردە داهاتەکی پەدراو نییە، کە لە دەرەوەی ژیانی کەمایەتیەوە هاتبێت، خەڵتگەڵ و خاسیەتگەلی کەمەڵە مرۆڤکیش نییە لە مرۆڤکانی دیکە زیرەکتر و بە تواناتر و هەشمەندتر بن، ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەیە، بیکردنەوەی سەدکانی ناوەڕاست بوو، کە کتێبەکان بە دانسقە دەستدەکەوتن، تەنها لای کەمەڵە کەسێکی دەسەڵاتدار هەبوو، بەم خوێندەوارانەیان دەوت شارەفمەندکان، یان شارەفدارەکان، وەلە لەمەڕدا فێربوون و زانین و پەروەردە ئەگەر دەسەڵاتی ستەمکار نەبێت لەی بە هەموو کەس هەیە دەستی پێبگات. بەڵام دەسەڵاتی ستەمکار کاتێک ڕێگەیش پێدەدات بشێواندن و نازانستیانە ڕیگەی پێدەدا، نەک بە شێوازە زانستیە پێویستیەکەی خەی، ئەمەش بە ئەوەی بچێتەوە خزمەتی خەی و سیستەمە ستەمکارییەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێگەپێدانە شێواوە دەکات بە ئەفسانەی ئازادی خوێندن و پەروەدە بە هەموو کەس.

ئەو فەرگە و پەروەردەیەی ئەستای کوردستان، خاوەنی پێیەو پڕگرام و ڕێبازێکی پەروەردەیی نەریتیی و کۆنەباوە، کە زەربەی فێڵەسوف و زانا پەروەردەیی ناسکانی دنیا گەیشتوون بەو دەرنجامەی کە ئەمە شێواندنی پەروەردە و مەعریفەیە، ئەمە لە کەڵکەبوونی زانیاری زیاتر هیچ شتێکی دیکە نییە و هیچ شتێکی دیکە ناگەیەنێت بە منداڵ و فێرخواز.
مامەستای هەشمەند و پەروەردەناسی باش، ئەو مامەستایەیە، کە دژی ئەم جۆرە لە پەروەردەی نەریتیی بوەستێتەوە، کە منداڵ گوەایەڵ و بەدەنگ دەکات، منداڵ ترسنۆک دەکات لە ئاستی پاوەری مامەستاو فەرگە و بەڵوبەری فەرگەکاندا. ئەم پەروەردە نەریتییە کۆنەباوە منداڵ دەکات بە کەیلە، مەشکی منداڵ دەکات بە دەفرێکی کراوە لەبەردەم مامەستادا، مامەستا هەرچی ویست و هەرچی لا باش بوو، یان

هەرچی لە کتێبەکاندا تەماركرابوو دەیخنەتە ناو مشکی منداڵەوە، بە ئاوەی منداڵ بەی هەبەت گومان بکات، بە ئاوەی منداڵ بەی هەبەت پرسیار بکات، بە ئاوەی منداڵ بەی هەبەت دیالۆگ بکات، بە ئاوەی منداڵ بەی هەبەت هاوبەشی بکات لە فێربوونی خێدا. بە واتایەکی دیکە مشکی منداڵ و فێرخواز کەتوبەندی مشکی مامۆستا و کتێبە نەریتییەکان دەبەت و هیچی دیکە.

ئەم جۆرە لە مەعریفە، ئەم جۆرە لە زانیاری وەرگرتن، ئەم جۆرە لە کێلەکردنی منداڵ یەجگار ترسناکترە لە نانبەینی مامۆستا. ئەم جۆرە لە مەعریفە بەدەنگیەک دروست دەکات، کە تەنها لە بەرژەوەندی دەسەاتە ستەمکارەکانە، نەخشیەکە دیموکراسیەت و ئازادیەکان، مافەکانی مرۆڤ دادەزەنەت، کەشەی جەندەر زیاتر و زیاتر دەکات، دادپەروەریی و یەکسانیەکان بە جارێک دەسەتەوە.

جەن دەوی و ئۆفاتون و دەیان زانا و فەیلەسوف، گەیشتوونەتە ئەنجامەی، کە پەروەردە لە دیموکراسیی جیاناکرێتەوە. دیموکراسیی واتا پەروەردە و پەروەردە واتا دیموکراسیی. لای ئەم زانا و فەیلەسوفانە، پەروەردە واتا ژیان، یان بە گشتی ژیانی کەمەایەتی. دیموکراسیش واتا گەبازی ژیان، کەواتا ژیان و گەبازکەی لە یەکتری جیاناکرێتەوە. پەروەردەی هاوچەرخ و نوێ ئاو پەروەردەیەیە، کە لە ژیانەوە هەڵێنجەنرەت، زانینیش دەرنجامی پەروەردەی نوێ، پەروەدەش مامەڵەکردنە لەگەڵ ژیانی کەمەایەتیدا، پەروەردە هیچ شتیک نییە جگە لە زانین و فێربوونی ژیان زیاتر، پەروەردە و ژیان گریدراوی یەکترین. ئاوە ئەزموونکانی مرۆڤ، کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بوون بە زانین و زانست، واتا زانین و زانست و فێربوونیش لەیان لە خودی ژیانەوە هاتوون، نەک لە دەرەوەی ژیان.

دیموکراسیش ئاو کولتووریە، کە دادپەروەری و یەکسانی و ئازادیەکانی تاک و ئازادی بیر و ڕای لە دەکەوێتەوە، مافی مرۆڤی تیا پارێزراو دەبەت. دیموکراسی ئاو بیرگشتییە(کۆنسێپت) نییە کە فەرمانەوا ستەمکارەکان بانگهێشتی بە دەکەن، بەکو گەبازی ژیانەکی یەکسان و دادپەروەریی مرۆڤیانەیە، دیموکراسی کولتووری ژیانەکی شایستەیە بە مرۆڤکان.
مەعریفە، لەگەڵ بەردەوامی ژیاندا بەردەوامە، واتە هەشیاری و زانین بە کەتا ناگات، زانین، زانیاریگەلەک نییە بە کەتا گەیشتبەت و لە کەسانکەوە بگوازرێتەوە بە کەسانکی دیکە، زانین و زانست لەسەر یەک گریمانە نەوستاوە، کراوەیە بە هەموو گریمانەکان، بە هەموو گەڕانکاریەکان. کاتێک فەرگ و پەروەردەی نەریتیی میتادەکی

بانکی بۆ فڕبووون و زانین بەکاردەهێنرێت، وەک ئاوەی کە فڕبووون و زانین، یان هۆشیاری مرۆڤ لای کۆمەڵێک مامۆستا، یان لە نێو کۆمەڵێک کتێب، یان لای دەسەڵاتدارێ فەرمانڕەواکان کەبووبێتنەوە، ئاوە لە ئەفسانە زیاتر هیچی دیکە نییە. هەتا ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەویە بەردەوام بێت، زانین و زانست و فڕبووون بەردەوامە و لە گۆشەکردن و پڕاسەندندایە. بەیە پاشکۆتکردنی مەعریفە لە پڕوەردەی نەریتییدا ئەفسانەیەکە بۆ بۆ کێلەکردن و نەزانینی منداڵ و فڕخواز. ستەمکارییش لە کولتووری داگیرکەر و پاشکۆتی زانین و هۆشیاریەوە لە لای ڕۆشنبیرانی دەربار و سەر بە فەرمانڕەوا ستەمکارەکان خەی زاڵ دەکات بەسەر ستەملێکراوەکاندا.

جیهاد موحەمەد/ نەرویج
٥/٠٣/٢٠١٩

---

# ئاوەی خـــزمەت بۆ مـــرۆڤ و مرۆڤبـوون دەکـات چییە؟ … جیهـاد موحەمەد

فیلەسوفی پراگماتیکیی و پڕوەردەناس(جۆن دیوی) دەڵێت: هەموو شتێک لەم دنیایەدا دەبێت لە خزمەتی مرۆڤدا بێت، بەو واتایەی مرۆڤ ئاو خەریە، کە هەموو ئاوەی هەیە لە سەر گۆی زەوی دەبێت بەدەوری مرۆڤدا بسوڕێتەوە، هەرچ بیر و ئایدایەک، یان هەرچ دیین و ئاینزایەک، هەرچ زانستێک لە خزمەتی مرۆڤدا نەبوو، پوچە. هەبێت ئەم قسەیە زۆر هەڵەگرێت کە لەڕدا ڕەنگە دەرفەتی ئاو هەموو لێکدانەوەیە نەبێت. بەڵام مەبەستی دیوی ئاوە نییە هەموو سروشت و ئاژەڵ و زیندەوەرەکان و خاک و ئاو وەران بکرێت بە ناوی ئاوەی بخرێتە خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتیەوە، چونکە مرۆڤ و مرۆڤایەتی وەران دەبێت بە وەران بوونی ژینگەی سروشت و ئاوەی لە سروشتدا هەیە، سروشت و هەموو ئاوانەی لە سەروشتدا هەن بۆ مرۆڤیشەوە، پێکەوە بەهایەکی گەورە دەدەن بە گۆی زەوی، دەنا گۆی زەویش لە وەرانیەک زیاتر نابێت بۆ بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ و دارستان و ئاو

و هەوا و هەموو زیندەوەرەکانی دیکە. دیین، کە مرۆڤ بە ئەفرێندراوێکی خوداوەند دەزانێت و دەناسێت، لای وایە کە مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرەکانی تر پیرۆزترن، چونکە خودا ئەم پیرۆزیی و باڵایی‌ی داوە بە مرۆڤ، بەچوون و دیدگای دیین وایە کە خودا مرۆڤی بە تەواوکەیی لەسەر باشترین شێواز دروستی کردووە، (لقد خلقنا الانسان في أحسن التقويم). بەیە کاتی خۆی بەچوونیان وا بوو کە هەموو گەردوون بە دەوری گەی زەویدا دەسوڕێتەوە، چونکە زەوی مرۆڤ ئەفرێندراو و باڵاکەی خودای تیا دەژی، وەلە کەبرنیکەس شۆشکی گەورەی زانستی بەرپاکرد، کە سەلماندنی گەی زەوی ناوەندی گەردوون نییە، بەڵکو زەوی و مانگ بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، خۆر ناوەندی گەردوونە، نەک زەوی. بە هەرحاڵ ئەمەی باسمکرد وەک پێشکێک بە ئەوەی بچمە ناو مەبەست و باسەکەی خەمەوە لەم نووسینە کورتەمدا.

بە ئەوەی بشچمەوە سەر باسەکەم، وەک هەموو جارێک ئەم پرسیارە دەکەمەوە! بۆچی گەلان و کەمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەموو ئەو گەل و کەمەڵگانەی بەختەوەر نین لە ژیانیاندا، بەردەوام خوێنشتن و جەنگ و ئاژاوە و پێکدادان لە نەوانیاندا هەیە، بەردەوام بە دەست هەژاری و کەمدەرامەتیی و نەخشەی و پێککەوتن و نادادپەروەرییەوە دەناڵێنن؟

بە بۆای من، کێشەی گەورە ئەوەیە، کە هەرچی دەوڵەت و حکومەتی دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکان و حیزبی چەتەگەر و فاشیێکان هەیە، کە فەرمانڕەوا و حوکمڕانن، لە هەرچ شوێن و وڵاتێکدا، کە بە سەدان هەزار و ملوێنان لە خەڵکی ستەمدیدە خۆیان بوون بە کێلێیان و ئاو و خاکەکی بە پێزن بە بووژانەوەیان، ئەمانە هەموویان، هەرچیێک بێت ئایدۆلۆژیکانیان، دینیی بێت، یان بە ناو عەلمانی و زانستیی بێت، نا دیموکراسیی بن، یان بە ناو دیموکراسیی بن، هەموویان لە یەک پارادیمدا دەسوڕێنەو. دەیان سەدەیە ئەم پارادایمە بووە بە بەردە ئاش و مرۆڤ و ئاژەڵ و هەموو سروشت وەک یەک دەهارت. وەک ئاماژەشم پێدا ئاوی ئاشەکە خەڵکە ستەمدیدەکە خۆیەتی، ئاشەوان و هەڵسورێنەری ئاش و خاوەن ئاشیش حوکمڕانە ستەمکارەکانن. بەگومان لەم وڵاتانەدا، دەیان ئاشی جۆراو جۆر نراوەتەوە بە هاێنی مرۆڤ و سروشت، بە هاێنی هەموو شتێک لە پێناوی کەمینەیێک لە حوکمڕانەکان و حیزب و دەسەاتە چەتەیگەرەکان. هەبەت لە نێوان خاوەنی ئەم ئاشانەدا کە لە هەرچ وڵاتێکدا دەیان حیزب دروست بوون بە گرتنەدەستی ئاشەوانێتی و بوون بە خاونی ئاش، بەردەوام لە ململانێی دەسەات وەرگرتندان کە ساڵانە خوێنی دەیان هەزار کەسی لە

پێناودا بەهەدەر دەوات. هەموشیان بە ناوی ژگاری و ئازدی مرۆڤ ئەم شەو پێکدادانانە بەرپا دەکەن.

ئەمەوت ئەو بەیم و پێی لەسەر دابگرم کە ئەو پارادایمە، ئەو بازنە و تەوقە خنکێنەرە، ئەو گەماوە ئاو لەبەر نەهێشتووە، بە شەو و پێکدادانکانی نێوان حیزبە فاشیەکان، حکومەت و دەوڵەتە فاشیەکان، چ لەگەڵ یەکتری و چ لە ناو خۆیاندا، تەنها یەک ئەنجام زیاتری نابێت، ئەویش نوێکردنەوە و تەکمەکردنی بازنەی هەمان پارادایمە و هیچی تر، واتا هەمان کولتووری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کولتووری درێژە پێدەدات لە فۆرمێکی جیاوازتردا. بە واتایەکی دیکە، هیچ گۆڕانکاریەک ڕووندات، ئەگەر یەک لە دوای یەکی ئەم حکومەت و حیزب و دەوڵەتانە بە دوای یەکدا هەڵبوەشێنەوە، ماددام شەڕشێکی کۆمەڵایەتیی سیاسیی لە پشتەوەی ئەو هەڵوەشاندنەوەیدا نییە، کە بتوانێت ئەو عەقڵیەتە کۆنباو و کولتووری سیاسیی و کۆمەڵایەتیە هەڵبوەشێنێتەوە و پارادایمێکی نوێی زانستی و مرۆڤدۆستیی و سروشتدۆستیی بهێنێتە جێگەی. هەرچی بە ناوی شەڕش و بزووتنەوەی ژگاریخوازیی و گۆڕانکاریەوە کراوە لە ناو ئەم کۆمەڵگە و گەلانەدا، دووبارە هەمان عەقڵیەت تووندتر و بەهێزتر فۆرمانەوایی گرتەوە دەست. بەو پێیەی جێختکردنەوەو دەڕم، لە سەد ساڵی ڕابردووی دروستبوونی ئەم دەوڵەتانەدا و لە دەیان سەدەی پێشووتریشدا یەک گۆڕانکاری نەکراوە بتوانێت ئەو بازنە و تەوقە بەهێزەی پارادیمە کۆنباوەکە نەک هەڵبوەشێنێتەوە بەکو لەقیشی نەکردوە و نەیلەرزاندووە.

هەتا بزاوتێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی بەهێز دروست نەبێت دژی ئەو پارادیمە، مەحاڵە هیچ کام لەگەڵ و کۆمەڵگەکانی ناو ئەو پارادایمە ئازدیی و ژگاریی بە خەیاندا ببینن. لەبەر ئەوەی ئەمەوێت جێخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە حکومەتانە شیعەییەکانی ئەمەی عێراق و سەدام حسێنی جاران و پارتی و یەکێتی و هەموو حیزبەکانی کوردستان بەوانەی لە حوکمەتانییەدان و بەوانەشی لە دژەوەی حوکمەتانییەدان، ئەنجامن، ئەنجامی ئەو عەقڵیەتەیە کە ناتوانێت ئەو بازنە ئەستورە تێکبشکێنێت.

بە تەواوەتی گەیشتووم تە ئەو ئەنجامەی، کە تا شەڕشێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کولتووریی بەرپانەکرێت، ناتوانرێت ئەو بازنە پتەوە، ئەو عەقڵیەتە ڕەقهەڵاتووە، ئەو کولتووری کۆمەڵایەتیی و سیاسییە بەسەرچووە بسڕێتەوە و لە جێگەیدا عەقڵێتکی سەردەمیانەی مرۆڤدۆستانەی سروشتدۆسانە بونیاد بنرێت و

لە هەنگاوی یەکەمدا سەرتای دیموکراسیی ئاستەقینەو و پەروەدەیەکی هاوچەرخانە و تەندوستیەکی باش نە بە مرۆڤ مسۆگەر بکرێت، نە خۆشویستی سروشت و بونەوەرکانی دیکە لای مرۆڤ بەرجەستە بکرێت. تەنها ئەم شۆرشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریە دەتوانێت مرۆڤ و مرۆڤبوون بخاتە سەر ڕێگەی دوور و درێژی کۆتا نەهاتوو لە گۆشەکردن و پشکۆتن. تەنها کار و ئەرکی شۆرشی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کولتووری، ئاوێە، کە شۆشەکی پەروەردەیی بخولقێنێت، هەتا مرۆڤ لەسەر ئەم گۆی زەویە لە ژیاندا بێت، شۆشی پەروەدەیش بەردەوام دەبێت. واتا شۆرش و مرۆڤ پێکەوە پێوەست دەبن بە هەتایە. پەروەردەی سەردەمیانە، پەروەدەیەک کە ژیاندۆستی و خۆشویستی سروشت و دادپەروەریی و یەکسانیی دروستدەکات بەردی بناغەی هەموو گۆڕانکارییەکانە. قسەکەی جۆن دیوی تەواو دەسەڵمێنم، کە دەڵێت:"پەروەردەی سەردەم وەک شۆرشە زانستیەکەی کەبرنیسکەس، شۆشەک بەرپا دەکات، کە فەرخواز دەکات بە خەڵ و هەموو فەرگە و سیستمی پەروەردە بە دەوریدا دەسوڕێتەوە". هەتا ئەم شۆشە پەروەدەییە دروست نەبێت، سایکۆلۆجیەتی تاک و کۆمەگە مەحاڵە بتوانێت ئازاد بێت لە چینەکانی ژەرەوەی مەشکی کە لەسەر بناغەیەکی غەریزەیی و دینیی دروست بووە.

جیهاد موحەمەد/ نەرویج
٢٣/١/٢٠١٩

---

# زەرورەتی شۆرش ... جیهاد موحەمەد

(٣)

فەیلەسوفی پراگماتیکیی و پەروەردەناس(جۆن دیوی) دەڵێت: هەموو شتێک لەم دنیایەدا دەبێت لە خزمەتی مرۆڤدا بێت، بەو واتایەی مرۆڤ ئەو خەریە، کە هەموو ئاوەی هەیە لە سەر گۆی زەوی دەبێت بەدەوری مرۆڤدا بسوڕێتەوە، هەرچ بیر و ئایدایەک، یان هەرچ دیین و ئاینزایەک، هەرچ زانستێک لە خزمەتی مرۆڤدا نەبوو، پوچە. هەبێت

ئەم قسەیە زۆر هەڵدەگرێت کە لێرەدا هەڵنگێ دەرفەتی ئەو هەموو لێکدانەوەیە نەبێت. بەڵام مەبەستی دەوی ئەوە نییە هەموو سروشت و ئاژەڵ و زیندەوەرەکان و خاک و ئاو وەران بکرێت بە ناوی ئەوەی بخرێتە خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتیەوە، چونکە مرۆڤ و مرۆڤایەتی وەران دەبێت بە وەران بوونی ژینگەی سروشت و ئەوەی لە سروشتدا هەیە، سروشت و هەموو ئەوانەی لە سروشتدا هەن بە مرۆڤیشەوە، پێکەوە بەهایەکی گەورە دەدەن بە گەی زەوی، دەنا گەی زەویش لە وەرانیەک زیاتر نابێت بە بە بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ و دارستان و ئاو و هەوا و هەموو زیندەوەرەکانی دیکە. دیین، کە مرۆڤ بە ئەفرێندراوێکی خوداوەند دەزانێت و دەناسێت، لای وایە کە مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرەکانی تر پیرۆزترن، چونکە خودا ئەم پیرۆزیی و باڵایییەی داوە بە مرۆڤ، بەچوون و دیدگای دیین وایە کە مرۆڤ لەسەر باشترین شێواز و بە تەواوکەیی خودا دروستی کردووە، (لقد خلقنا الانسان على أحسن التقويم). بەیە بەچوونیان وا بوو کە هەموو گەردوون بە دەوری گەی زەویدا دەسوڕێتەوە، چونکە زەوی مرۆڤ ئەفرێندراو و باڵاکەی خودای تیا دەژی، وەلە کەبرنیکەس شۆشکی گەورەی زانستی بەرپاکرد، کە سەلماندنی گەی زەوی ناوەندی گەردوون نییە، بەڵکو زەوی و مانگ بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، خۆر ناوەندی گەردوونە، نەک زەوی. بە هەرحاڵ ئەمەی باسمکرد وەک پشکێیک بە ئەوەی بچمە ناو مەبەست و باسکەی خۆمەوە لەم نووسینە کورتەمدا.

بە ئەوەی بشچمەوە سەر باسەکەم، وەک هەموو جارێک ئەم پرسیارە دەکەمەوە! بۆچی گەلان و کەمەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەموو ئەو گەل و کەمەنگانەی بەختەوەر نین لە ژیانیاندا، بەردەوام خونەشتن و جەنگ و ئاژاوە و پێکدادان لە نەوانیاندا هەیە، بەردەوام بە دەست هەژاری و کەمدەرامەتیی و نەخشی و پێککەوتن و نادادپەروەرییەوە دەناڵنن؟
بە بۆای من، کەشەی گەورە ئەوەیە، کە هەرچی دەوڵەت و حکومەتی دیکتاتۆر و تۆتالیتارکان و حیزبی چەتەگەر و فاشیێکان هەیە، کە فەرمانڕەوا و حوکمڕانن، لە هەرچ شوێن و وڵاتێکدا، کە بە سەدان هەزار و ملۆنان لە خەڵکی ستەمدیدە خۆیان بوون بە کۆیلەیان و ئاو و خاکەکی بە پۆزن بە بووژانەوەیان، ئەمانە هەموویان، هەرچیەک بێت ئایدۆلۆژیکانیان، دینیی بێت، یان بە ناو عەلمانی و زانستیی بێت، نا دیموکراسیی بن، یان بە ناو دیموکراسیی بن، هەموویان لە یەک پارادیمدا دەسوڕێنەو. دیان سەدیە ئەم پارادایمە بووە بە بەردە ئاش و مرۆڤ و ئاژاە و هەموو سروشت وەک یەک دەهارێت. وەک ئاماژەشم پێدا ئاوی ئاشکە خەڵکە ستەمدیدەکە خۆیتی، ئاشەوان و

هەسورێنەری ئاش و خاوەن ئاشیش حوکمانە ستەمکارەکانن. بەگومان لەم وەاتانەدا، دەیان ئاشی جۆراو جۆر نراوەتەوە بە هاوینی مرۆڤ و سروشت، بە هاوینی هەموو شتێک لە پێناوی کەمینەیەک لە حوکمانەکان و حیزب و دەسەاتە چەتەیگەرەکان. هەبەت لە نێوان خاوەنی ئەم ئاشانەدا کە لە هەرچ وەاتێکدا دەیان حیزب دروست بوون بە گرتنەدەستی ئاشوانێتی و بوون بە خاوەنی ئاش، بەردەوام لە ململانێی دەسەات وەرگرتندان کە سااندە خوێنی دەیان هەزار کەسی لە پێناودا بەهەدەر دەەوات. هەموشیان بە ناوی ڕزگاری و ئازدی مرۆڤەوە ئەم شەو پێکدادانانە بەرپا دەکەن.

ئەمەوەت ئەوە بڵێم و پێی لەسەر دابگرم کە ئەو پارادایمە، ئەو بازنە و تەوقە خنکێنەرە، ئەو گەماوە ئاو لەبەر نەەشتووە، بە شەو و پێکدادانەکانی نێوان حیزبە فاشیەکان، حکومەت و دەوەتە فاشیەکان، چ لەگەڵ یەکتری و چ لە ناو خۆیاندا، تەنها یەک ئەنجام زیاتری نابەت، ئەویش نوکردنەوە و تەکمەکردنی بازنەی هەمان پارادایمە و هیچی تر، واتا هەمان کولتووری کەمەایەتیی و سیاسیی و کولتووری درێژە پێدەدات لە فەمەکی جیاوازتردا. بە واتایەکی دیکە، هیچ گەڕانکاریەیەک ڕووندات، ئەگەر یەک لە دوای یەکی ئەم حکومەت و حیزب و دەوەتانە بە دوای یەکدا هەبوەشێنەوە، ماددام شەشەکی کەمەایەتیی سیاسیی لە پشتەوەی ئەو هەوەشاندنەوەیدا نیە، کە بتوانێت ئەو عەقیەتە کەنباو و کولتووری سیاسیی و کەمەایەتیە هەبوەشێنێتەوە و پارادایمەکی نوەی زانستی و مرۆڤدۆستیی و سروشتدۆستیی بهێنێتە جگەی. هەرچی بە ناوی شەش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی و گەڕانکاریەوە کراوە لە ناو ئەم کەمەگە و گەلانەدا، دووبارە هەمان عەقیەت تووندتر و بەهەزتر فەرمانەوایی گرتەوە دەست. بەو پێی جۆختکردنەوە دەەم، لە سەد ساڵی ڕابردووی دروستبوونی ئەم دەوەتانەدا و لە دەیان سەدەی پێشووتریشدا یەک گەڕانکاری نەکراوە بتوانێت ئەو بازنە و تەوقە بەهەزەی پارادیمە کەنباوەکە نەک هەبوەشێنێتەوە بەکو لەقیشی نەکردوە و نەیلەرزاندووە.

هەتا بزاوتکی سیاسیی و کەمەایەتیی بەهەز دروست نەبێت دژی ئەو پارادیمە، مەحاەڵ هیچ کام لەگەڵ و کەمەگەکانی ناو ئەو پارادایمە ئازدیی و ڕزگاریی بە خەیانەوە ببینن. لەبەوە ئەمەوەت جۆخت لەسەر ئەوە بکەموە، کە حکومانە شیعەییەکانی ئەمەی عەراق و سەدام حسەینی جاران و پارتی و یەکێتی و هەموو حیزبەکانی کوردستان بەوانەی لە حوکمانییەدان و بەوانەشی لە دەرەوەی حوکمانییەدان،

ئەنجامن، ئەنجامی ئەو عەقڵیەتەیە کە ناتوانێت ئەو بازنە ئەستورە تێکبشکێنێت.

بە تەواوەتی گەیشتووم تە ئەو ئەنجامەی، کە تا شۆشکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کولتووریی بڕپانکرێت، ناتوانرێت ئەو بازنە پتەوە، ئەو عەقڵیەتە دەقهەڵاتووە، ئەو کولتووری کۆمەڵایەتیی و سیاسییە بەسەرچووە بسڕێتەوە و لە جگەیدا عەقڵێتکی سەردەمیانەی مرۆڤدۆستانەی سروشتدۆسانە بونیاد بنرێت و لە هەنگاوی یەکەمدا سەرتای دیموکراسیی ئاستقینەوە و پڕوەدیەکی هاوچەرخانە و تەندوستییەکی باش نە بە مرۆڤ مسۆگەر بکرێت، نە خۆشویستی سروشت و بونەوەرکانی دیکە لای مرۆڤ بڕجەستە بکرێت. تەنها ئەم شۆرشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریە دەتوانێت مرۆڤ و مرۆڤبوون بخاتە سەر ڕێگەی دوور و درێژی کۆتا نەهاتوو لە گۆشەکردن و پشکوتن. تەنها کار و ئەرکی شۆرشی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کولتووری، ئەوەیە، کە شۆشکی پڕوەردەیی بخولقێنێت، هەتا مرۆڤ لەسەر ئەم گەی زەویە لە ژیاندا بێت، شۆشی پڕوەدیش بەردەوام دەبێت. واتا شۆرش و مرۆڤ پێکەوە پێوەست دەبن بە هەتا هەتایە.
جیهاد موحەمەد/ نەرویج

---

# کام بیرکردنەوە دروست و ساغەمە؟ ... جیهاد موحەمەد

بیرکردنەوە، چالاکییەکی بەردەوامی مشکی مرۆڤە، پاڵنەری بیرکردنەوە غەریزەیەکی خەسکیانەیە لە مرۆڤدا، مرۆڤ بە بە بیرکردنەوە ژیانکی تێکچوو و نالەباری هەیە، وەک هەموو ئەوانەی لە زکماکییەوە مشکیان باش کار ناکات بە بیرکردنەوە، یان ئەوانەی بە هەرچ هۆکارێک بێت تووشی تێکچوونی مشک دەبن، ئیتر ناتوانن بیربکەنەوە، ئەگەر هەستیشیان هەبێت بیرکردنەوەیان نامێنێت بەیە حاڵ و ژیانکی زەر پشێو و نالەباریان هەیە، ئەگەر کەسانکی دەسەز یان نەخۆشخانەی تایبەتی نەبێت، وەک ئاژەڵیش ناتوانن بڵەوەڵن و خۆیان بپارێزن.

بەڵام ئایا بیرکردنەوەی مرۆڤکانی هەموو گەلانی ئەم جیهانە، وەک یەک وایە؟ ئەگەر وایە، بۆچی گەلانێک هەن توانیویانە زیانەکی بەختەوەرتر و باشتر لە گەلانی تر بۆ خۆیان دابین بکەن، گەلانێک هەیە بەردەوام بۆ دەست ژیانی ناهەموار و شەڕ و جەنگ و ئاژاوەی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنن، گەلانێکیش هەن زۆربەی هەرە زۆریان بۆ دەست نەبوونی و هەژاریەوە دەناڵێنن.

هەموو ئەو گەل و کۆمەڵگانەی توانیویانە خۆیان دەرباز بکەن لەو ئایدەلۆژیە بەستەڵەکانەی مشکی مرۆڤ دەخاتە قاوغێکی تەقلیدی بیرکردنەوەیەکی ساغەم و دروستیان هەبووە و تێگەیشتوون لەوەی ئەو ئایدەلۆژیە بەستەڵەکان گەورەترین کۆشەی تەکخراوبوونی ژیانیان بۆ دروست دەکات، ناتوانن لە ژێر سایەی کولتوورێکی دواکەوتووی کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا هیچ جۆر بەختەوەرییەک و خۆشگوزەرانیەک بۆدی بهێنن، ناتوانن مرۆڤبوون و خۆشەویستی بکەن بە بەردی بناغەی پێکەوە ژیان و خەزگارکردن لە چەوسانەوە و ستەمکاریی، بیرکردنەوەکانیان، بیرکردنەوەیەکی بوێرانە و ئازایانە بووە، بۆیە توانیویانە شکۆش بۆرامبەر بە بیرکردنەوەکانی خۆیان و دەسەڵاتە ستەمکارەکان بۆرپا بکەن و خۆیان دەربازبکەن لە زۆربەی نەهامەتی و کوێرەوەریەکانی ژیان، وەک گەلانی ئەوروپا و تەژئاوا بە گشتی.

ئەو گەل و کۆمەڵگانەی داما و کۆیلەی دەستی بیرکردنەوە ترادسۆن و کۆنەباوەکانی خۆیان و دەسەڵات و حکومەتانە ستەمکار و چەوسێنەرکانن، بیرکردنەوەیان بیرکردنەوەیەکی دواکەوتووی قەتیس ماو و پێنگەوخواردووی گوماوی ئاو لەبەرنەشتووی سەدان ساڵەی میشکیانن. ئەم جۆرە کۆمەڵگە و گەلانەی وەک گەلانی تەژهەڵاتی ناوین و عێراق و کوردستان گیردەی عەقڵیەتە کۆنەباوەکەی خۆیانن بۆیە ناتوانن هیچ جۆرە ئازادی و ڕزگاریەک بەدەست بهێنن.
بیرکردنەوەی ساغلەم و دروست لای هەرچ مرۆڤ و گەل و کۆمەڵگەیەک، ئەو بیرکردنەوەیەیە، کە بتوانێت شکۆش دژی بیرکردنەوە کۆنەباوەکانی ناو مشکی خۆی بۆرپا بکات. ئەوسا ئاسانە بتوانێت شەرش بۆرامبەر دەسەڵاتە سیاسییە حکومەتانە ستەمکارەکان بۆرپا بکات.

**جیهاد موحەمەد/نۆرویج**

# کۆشۆ گۆرکۆ ... جیهاد محەمەد

گۆرەترین کۆشەی گەلی کورد وسەرجەم گەلانی ناوچەکە دین و نەتەوەپەرستییە.
ئەم دوو ئایدیالۆجیە سەرچاوەی هەموو پێکدادان و ئاژاوەکانن لە نێوان خەڵکی ناوچەکەدا. گەلانی ناوچەکە بە هۆکاری ئەم دوو عەقیدەتە بەردەوام لە شەڕ و پێکداداندان.
هەرچی حکومەت و دەوڵەت و حیزبی فاشی و دیکتاتۆر هەیە لەم ناوچەیەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا لە ژێر ناوی دین و خواپەرستیی و نەتەوە پەرستیدا دەیان ساڵ درێژیان بە حوکمی خەیان داوە.

حیزبە ستەمکارەکانی کوردستانیش وەک پارتی و یەکێتی دەیان ساڵ خەڵکی کوردستانیان بە کوشتدا، هەرچی ماڵوێرانی و جینۆساید و جەنگی دژە مرۆڤ هەیە بەسەر گەلی کوردا هێنایان، ئێنامەکۆشی دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دژی زوڵم زۆر و فاشیەتی بەعسیکان، ئەمان جەڵاوی حوکمیان لە خەڵک سەندەوە، هەمان کارەسات و تاوانیان بەسەر خەڵکدا هێنایەوە. ئەم حوکمە فاشیانە هەرچ لەکاتەکیش ڕوخابێتن حوکمەکە کۆتێتەوە دەست کەمەڵکی دیکە کە هەمان عەقیدەتیان هەبووە، بە هۆکاری نەزانین و نا هۆشیاری خەڵکی گشتیەوە، ئەمانیش لە ژێر ناوی ڕزگارکردنی دین و نەتەوەدا جارێکی تر دەستیان کردەتەوە بە چەوساندنەوە و ستەمکاریی.

هەتا خەڵکی ئەم ناوچەیە خەیان ڕزگار نەکەن لەم دوو عەقڵیەتە ساختەکاریە مەحاڵە ڕۆژهەڵاتیان بە بێتە پێشەوە ئەخێی لە ژیان بکەن. هەر ئەم دوو عەقڵیەتەشە کە خەڵکی ناوچەکەی بە گشتی خستۆتە خزمەتی حوکمەرانە ستەمکارەکانی ناوچەکەو سەرمایەداری جیهانیەوە. هیچ کات و لە هیچ سەردەمێکدا نە دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیای ئەمڕۆ نە سۆفیەت و بلۆکی سۆسیالیستی جاران و نە حوکمەرانەکانی ناوچەکە خێی لە بەرژەوەندی خەڵکی گشتی نەبوون و ناشبن. هەرچ کەسێک و هەرچ بیر و ڕاو بۆچوونێک و هەرچ حیزب و بزاوتێک چەند گۆڕە و زەبلاح بێت چەند جەماوەرێکی زۆرینەی خەڵک بێت، ئەگەر نەیتوانیبێت مەسەلەی نەتەوە پەرستیی و سەپاندنی حوکمی خوا تێپەڕێنێت ناتوانێت هیچ شتێک بکات کە بەڕاستی لە بەرژەوەندی خەڵکی گشتی بێت. ئەم حیزب و حوکمڕانانە نە بە خوای دەکەن نە بە ڕزگارکردنی نەتەوە لە

چۆساندنەوە، ئامانە سیاسەتکی ناشریفانە و درزنانە بە ناوی خوا و دین و نەتەوەوە دەکەن.

جیهاد محەمەد/ نەرویج

---

# پەروەردە و دیموکراسی -2-جمیل حمداوي ... وەرگێڕ: جیهاد موحەمەد

**بەشی دووەم:**

**٦/ ئامرەکانی بەدیهێنانی دیموکراسی لە بواری پەروەردەدا:**

ناتوارێت قسە لەسەر پەروەردەی دیموکراسی بکەین یان دیموکراتیزەکردنی فەرکردن و پەروەردەکردن و فەربوون بکەین تا وێنایەکی تیۆریاییمان نەبێت دەربارەی کەمێک ئامڕ و ئامازی جێبەجێکردن کە فریامان بکەوێت بە بەدیهێنانی دیموکراسی لە ناو دامەزراوە پەروەردەییەکاندا بە مەبەستی گواستنەوەی بە ناو کەمێگە و دیموکراتیزەکردنی کەمێگە لە ڕێگەی فرەخواز و فەربووکانەوە، کە هێسوکەوت و ڕەفتاریان دیموکراسییانە بێت لەگەڵ هەموو ئەندامانی خێزانکانیان و کەمێگەکەیان و نیشتیمانەکەیان و نەتەوەکەیان بە بە جیاوازیکردن. دەتوانرێت ئەم ئامراز و ئامڕانە بکرێت بە پرەسەیەکی تەکنیکی و پرنسیپگەلێک لەمانەی خوارەوە:

بیری هەڕەوزیی و کارکردن لە تیب و کەمێی کەلەکتیڤانەدا:

بیری هەڕەوزیی بە گرنگترین ئامڕ و ئامراز دادەنرێت بە بەدیهێنانی پەروەردەیەکی دیموکراسی ڕاستەقینە؛ چونکە کارکردن لە تیبی پەروەردەیی کەمێکی دیاریکراودا هاوکاری و یارمەتی فرخوازان دەدات بە کرانەوە و پێگەیشتن و تێگەیشتن و وەرگرتنی زانین و ئەزموون لەوانی دیکە، هەروەها دووری دەخاتەوە لە ڕەفتار و کرداری نەرێنی، وەک گۆشەگیری و دابڕان و کەنارگیری و هەستکردن

بە ترس و کەماسیی نزمیی و خۆ بەکەم زانین، هەروەها یارمەتی خۆزگارکردن دەدات لە دەست خۆپەرستی و خودئاگایی. هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت پشکۆتن و گەشانەوە بەدی بهێنێت ئەگەر کارکردن نەخاتە بواری تیپە هەرەوەزیی و هاوڕێتیکانەوە(کۆلێکتیف)، وەک ژاپۆنیا و ئەمریکا. زاناکان جەختیان کردوە لەسەر بیری هەرەوەزیی و کنەکردن و بە دواداگەڕان لە تیپە هاوڕێیەکان و کەمێیەکاندا بە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە پێشڕەو و پێشەنگیەکانیان هەیانە.
لێرەوە دەبینین کە پیداگیری بیری هەروەزیی لە بنەماکانی بەدیهێنانی فەرکردن و پەروەردەکردنی دیموکراسییانەیە، هەروەها بە بەدیهێنانی تازەگەرێتی لە فەرکردن و پەروەردەکردندا و بە دیموکراتیزەکردنی پەروەردە و کەمەگە؛ چونکە جیاوازیە کەمایەتیەکان دەستەوە و هەموو جیاکاریەکانی ڕەنگ و زمان و پێست دەتوێنێتەوە و جەبەجێیان دەکات.

بە ناوبانگترین کەسێک کە داوای بیری هەروەزیی و دیموکراتیزەکردنی فەرگە پرۆلیتاریەکانی کردبێت، ئاهەنگێر و مامۆستای فەرنسیی(سلستان فرینیە) یە کە کەمەکێ ئامرازی دانا بۆ چاندنی بیری هەروەزی لە نێوان لاوە فەرخوازەکاندا. بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەش، لە کاری چاپەمەنی؛ لە دامەزراندنی کارە هەرەوەزیەی فەرگەیەکان؛ لە بەکارهێنانی کارە زێر وردیلە و بچکۆلەکان، لە شۆنخوونی و ئێشکگرتن بە دیار نووسین و دەرکردنی ژنامەکانی منداڵان، بڕوپێدانی کارە کەمایەتیەکان، نوسینە پێ بایەخەکانی ژیان، ڕێکخستنی کار و پیشەکان، بەکارهێنانی ئامڕە نوێکان وەک تیپی مۆسیقا و شانۆ و سینەما و کارە هونەریە جۆراوجۆرەکانە.
بەم جۆرە لە کاری هەرەوەزیی تیپە کۆلێکتیفەکاندا، دەتوانرێت دیموکراسیی فێربوون و فەرکردن و پەروەردەکردن بەدی بهێنرێت، هەروەها کەمەکێک لەو کێشەو گرفتانەی دێنە ڕێگەی ئاهەنگێر و مامۆستاکان بۆ ئاسانی چارەسەر بکرێن، دیسان فەرخوازەکان و شاگردەکان دووربخرێنەوە لە باری دەروونی خراپ و هەست بە کەماسیکردن، یان دوورخستنەوەیان لە خۆپەرستی و خۆ بە زلزانین و لووتبەرزی.

بە لابردن و سڕینەوەی بەها نگەتیفەکان لە هەستی تاکەکاندا، بگومان باشترین چارەسەر ئەوەیە، کە فەرخواز بخرێتە نێو کەمە کۆلێکتیفەکانەوە، تا ئابهێنرێت لەسەر بیری سۆسیالیستی کردەیی، بە بەکارهێنانی توانا جەستەیی و عەقڵیەکان بۆ بەدیهێنانی بڕوبوومی

بە پیت و بە نرخ، وەک(ئینتەن ماکرینکە) دەڵێت، هەروەها بە هاتنی فەرخواز و شاگرد بە دابەانی لە کاری خێی و، کارکردنی لە ناو کۆمەڵە هەرەوزیە گونجاو و وەکچووەکان لە ووی تەمەن و ئاستی خوێندن وەک(کوزینی)ە دەڵێت بە دروستکردنی بوار و دەرفەتی کاری هاوبەش و کۆلێکتیڤانە لە پێناوی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیی داهێنەر و گەشەسەندووداە.

**تین و هێزی کۆمەڵی کۆلێکتیڤ:**

لایەنە تەکنیکیی و میکانیکیەکانی تر بە بەدیهێنانی دیموکراسی، هەروەها بە فەرکردن و دروستکردنی هاوکاتی چاکخواز و کۆسایەتی هاوسەنگ و جێگیر لە ووی دەروونیی و کۆمەڵایەتیەوە، بگومان دەبێت ئەوە بزانین، کە تەکنیک و دینامیکیی کۆمەڵە هەرەوزیەکان پڕۆگرام و بەرنامەیەکی گرنگن بە چارەسەرکردنی زەرەک لە دیاردە دەروونیی و هەستیی و نەستیەکان لە لای فەرخواز و شاگردەکان، هەروەها تەکنیکەکی چالاکی گرنگە کە دەتوانرێت لە پێناسەی فەرکردن و پەروەردەکردندا بەکاربهێنرێت.
فەرخواز ناتوانێت داهێنان بکات لە ناو کۆمەڵە هەرەوزیەی کۆلێکتیڤ دیموکراسییەکاندا نەبێت، کە بەوایان بە برایەتی و کۆبەکی پاک و پێیوست بە بیری مەراق و یەکسان و دادپەروەریە، هەروەها شانازی بە یاسا و ماف و ئەرکەوە.
بگومان بە هەرچ کۆمەڵکی هەرەوزی سەرکردەیەک هەیە بە دابەشکردنی کار و ئەرکەکان و، سەرپەرشتی کەکستنی کۆمەڵکان، ئەمەش بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە و گرنگە کە لە ئاستە دەگیرێت. بگومان سەرکردەش پێویستە بە هەبژاردنکی دیموکراسیانە هەبژێردرێت بە ماوەیەکی دیارکراو تا سەرکردەکان بە نەرە دەوری سەرکردایەتی و بەرپرسیاریتی ببینن.

بەهام وەک ئاشکرایە هەکوپکی کۆمەڵە کۆلێکتیڤکان دەکەونە ژێر سایەیی پرسیەکی بەردەوام بە سێ سەرکردایەتی یان سێ دەسەات وەک(کەرت لوین) ئاماژەی پێ دەدات: سەرکردەیەکی دیموکراسیانە یارمەتیدەر بە داهێنان و ئەفراند و بەدیهێنانی بەروبوومکی بە پیت و بەرهەمکی بە بایخ، جا ئەمە بە ئامادەنبوونی مامستای سەرپەرشتیکار بێت یان لە حاەتی ئامادەبوونیدا بێت جیاوازی نییە و دەبێت وابێت، هەروەها سەرکردەی ئاماژە پێدراو هەوە ئەدات بە دەرکەوتنی کارلکە ئەرێنیە دروستکەرکان وەک هاوکاری و یارمەتیدان و رکەکەوتن و گونجاندن.

بەرنامەی سەرکردەی ئۆتۆکراسیی تووندوتیژی و دڕندەی زۆرلێکردن؛ لە ئامادەبوونی سەرکردەدا هەموو دیسپلینکراون، بەرنامەی پشتپێهەڵکردنی سەرکردەدا بەسەروبەری وبازم و ڕەزم دروست دەبێت. لەم حاڵەتەشدا، بەرهەم و کارە بەرهەمهێنەرەکان تووشی کەماسی و کەمبوون دەبێت و دامەزراوەکە دەگمەن بە قشڵێکی سەربازیی، بڕکردەیکردن و پراکتیکەکردنی پرنسیپە تیۆرییەکان لە پێناوی کارایی و چالاکی ژیان و ژینگەی فەرگە یەجگار قورس دەبێت بە هەکاری بوونی بەها نرخنیەکانی وەک بەزاریی و شپرزەیی و ئاڵۆزیی و نەبوونی پێکەوە هەڵکردن و تێڵەرانس.
سەرکردایەتی بەرەبا و بەسەروبەر لەسەر ئەو فەلسەفەیە وەستاوە کە دەڵێت"لەگەڵ کار بکات". ئامانج سەرکردایەتیەکی بەسەروبەرە و ئاژاوەیە، کە هاوکاری و یارمەتی بەدیهێنانی بەرهەمی بە پیت و بە بەها ناکات، نە لە حاڵەتی ئامادەبوونی سەرکردەدا نە لە حاڵەتی ئامادەنەبوونیدا، چونکە ئەم جۆرە سەرکردایەتی و سیستەم لە دەروونی فەرخوازەکاندا پشت بە سەرکردە دەبەستێت و هەستنەکردن بە بەرپسیارێتی لە گیانیاندا دەچێنرێت. بەم جۆرە بەمان دەردەکەوێت، کە دیموکراسی یارمەتی گەشەی کەمڵە کەڵێکتیڤەکان دەدات و پڕیان پێ دەسەنێت بە شێوازگەلێکی ئۆرگانی و کارا. لەبەر ئەوە، لەسەر پیاوانی کارگێڕیی و مامۆستایانە کە سەرکردایەتیەکی دیموکراسیانەیان هەبێت بە بەدیهێنانی سەرکەوتنی ئاستەقینە و جۆری باشی بەرهەم .

**سیکۆدراما و سوسیۆدراما:**

بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە بە بینینی دۆریان سایکۆدراما یان شانۆگەری فەرگەیی گرنگترین تەکنیکە لە بواری چالاکردن و کاراکردنی کەمڵە کەڵێکتیڤەکاندا، هەروەها گرنگترین ئامرازی چارەسەرە بە پێکەوە ئاوێتەبوونی فەرخوازان و دوورکەوتنەوەیان لە نەخۆشی کەنارگیریی و دابڕان و بەسەرخۆدا شکانەوە و چوونەوە ناوخۆ و ئاڵۆزییە دەروونیەکانیان لە ناو کەمڵە کەڵێکتیڤەکاندا و ڕزگاربوونیان لەو ئاڵۆزییە دەروونییەی لە هەست و نەستیاندا نیشتووە، هەروەها پاکردنەوەی هزر و بیر و ویژدانیان و خستنگەڕ و جوڵاندن و چالاکیە سۆسیالیەکانیان لە ناو ئەو کەمڵە کەڵێکتیڤانەی کە کراون و پێن لە هاوکاری و یارمەتی و برایەتی و گەنجاندن و گەیشتنیان بە هیوا و خەونەکانیان و تانەنەت دروستکردنی خەونی گەورە بیان. سایکۆدراما ڕێگەیەکی شانۆگەرییە کە تاک تیایدا پشت دەبەستێت بە کەمڵە کەڵێکتیڤێکی لە گەڵانی

دۆری خۆی لەو شانۆگەریەی کە تواناکانی و بەهرە شاراوەکانی دەردەکەون بە مەبەستی گواستنەوەیان لە قۆناغی شکاندنەوە بەرخۆیاندا بۆ قۆناغی هەمان ئاستی دەروونی هاوڕێکانی و گونجاندن و هاوسەنگی لەگەڵیاندا، دیارە ئەمش دەبێتە هۆکارێک بۆ بونیادنانی خودی خۆی و خەزانەکەی و کەمڵگەکەی و نەتەوەکەی بۆ ڕێگەیەکی دیموکراسیانەی وەستاو لەسەر بەخشین و کارکردن و بەرهەمهێنانی پۆ بۆ بایەخ و کولایتیی.

بەهەرحاڵ، سایکۆدراما"تەکنیکەکی سایکۆلۆژیە، کە سایکۆلۆژزان(مەرینە)داینا وە، پشت بە دراماى سەرپێی و ئاستەوخۆ دەبستێت، داوا دەکات لە کەسەکان کە دۆری شانۆگەریی ببینن بۆ بۆ پێوەستبوون بۆ نووسنیەکی پێشوەخت یان بۆ بۆ پێوەستبوون بۆ تەکستی نووسراوەو، مەبەست لێی گۆشە و پەرەسەندنی دۆری سەرپێی و ئاستەوخۆیە. ئەم جۆرە تەکنیکە بووە بە چارەسەری دەروونیی و شیکاریی تاک و کەمڵە؛ هەروەها پێگەیاندن و گۆشەی داهێنان لە لای منداڵ، دیارە وەک ئامرازێکی پەروەردەیی و فێرکاریی … سایکۆدراما لە لای گریکە کۆنەکان هەبووە، (ئەریستۆفان) لە سەدەی چواری پێش زاین دەڵێت، کەسەکان زیندانی دۆرە کەمڵایەتیەکانیان و دەتوانن خۆیانی لە ڕزگار بکەن و، تێبگەن لە پاڵنەرەکانی، لە کاتی گوزارشت لێیی لەسەر تەختەی شانۆ. هەروەها(ئەریستۆ) ئاماژەی داوە بە بایەخی ئەو دۆرانە کە گرنگ و بە بایەخە بە کەمکردنەوەی ناڕەزوونیەکان، لە میانەی یەکبوون لەگەڵ ئەکتەرەکانی تردا، هەروەها گرنگە بە پاکردنەوەی دەروون لە نەخۆشیە دەروونیەکان".
هەموو ئەمانە بۆ واتایە دێت کە مرۆڤکان ناتوانن بگونجێنەوە بە جیهانی دیموکراسی و ببن بە کەسانی دیموکرات تا دەروونی خۆیان و جەستەیان و بیر و ئەندێشەیان پاک نەکەنەوە لە هەموو ئەو ئاڵوزیە کۆکبووە بەماویەی، کە بە درێژایی ژیانیان وەریانگرتووە، وەک ترس؛ دڵگیریی و دڵتەنگیی و شپرزەیی و نیگەرانی و گرژبوون و چوونەوە بۆ ناخدا و شەرم و دابڕان مردوو هونەرکان. چالاکیە پەروەردەییە تەکنۆلۆجیکان:
لە فۆلسەفەی چالاکیە نوێکان و بیرکردنەوە پێداگیریە داهێنەرکان پێویستە قەرەبووی دروستکردنی گوتاردان و گوتارخوێندنەوە و ئاراستەکردن بۆ ڕێگە پێداگیریە زیندووە هاوچەرخە کردەیەکان بێت، کە لەسەر بیر و ئەندێشەی هەروزیەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها پێداگیریە دینامیکیە کەمڵەکان کارا بکرێن، پشتبەستن بۆ کارایی بەرهەمهێنەر و، بەکارهێنانێکی کراوە و دانخراو، دامەزراوەی پێداگیری لە پێناوی ئازادبوونی فەرخوازان لە نەرێنی

و سنوردارکردنی، تا دەستیان کراوە بێت لە بەرهەمهێنانەدا، هەروەها ئازادبوونیان لە کۆتوبەندە بیرکراسییەکان و فەرمانگەکانی مامۆستای ستەمکار و چاوسێنەر، لە جیاتی هەموو ئەمانە هاوبەشیکردنکی دیموکراسیانەی وەستاو لەسەر چالاکی و داهێنان و ئەفراندن، ئاویش لە ڕێگەی دامەزراندنی تاقیگەی زانستییەکان و شارەزا ئەدەبیی و کارگە هونەرییەکان و بڵاوکەرەوە تەکنیککارەکان و یانە وەرزشییەکان لە ناو هەرچ دامەزراوەیەکی زانستی دیاریکراودا. دامەزراوەکان دەتوانن بە ئەم کارانە پشت ببەستن بە خەرجی و داهاتی خودی خۆیانەوە بە پێی یاسای دانپیانراوی دەوڵەتیی.

**فەلسەفەی چالاکیی و پوختەیی:**

گرنگترین ئامانجی کردەیی بۆ بەدیهێنانی بۆ دیموکراسییکردنی فەرهەنگ و کارایکردنی پڕۆگرامی دیموکراسیانەی پێکهێنانی چالاکییە نیشتیمانییەکانە لە سایەی سیستمی پڕۆگرامێکی ساغڵەم، کە بەوا و متمانەی بە کوالیتیی چەندەتیی و چۆنیەتیی هەبێت، ستایشکردن و پیاهەڵدان و پاڵپشتیکردنی هەموو ئەوانەی کە خاوەنی توانا بەهێز و پسپۆڕی و هونەرڕیی و ئەدەبیی و تەکنیکیین.
پێویستە مەبەست و ئامانج و خەسڵەتە خوازراوە گەورەکانی پرۆسەی پڕۆگرام و هەنگاوە دیالیکتیکەکانی سیستمی فەلسەفەی پڕۆگرامێکی تێبگەین و قبووڵیکەین، هەنگاوی یەکەمیش بۆ ئەم دەسپێکردن بە فەلسەفەی چالاکیە، کە بۆ هاندانی یاداشت و تێبینیە وەزاریەکان دەکرێت، بۆ واتایەکی کە چالاکییەکان پاڵنەرێکی بناغەیین بۆ ئامادەکردن و خستنەسەرپێی لاوە تازە پێگەیشتووەکان، هەروەها ئامادەکردنی فەرخەوازان بۆ کۆمەڵگە؛ بەیە کەمکردنەوە تەکنەلۆجیە هاوچەرخەکان و سیاسەتی جیهانگیری و کۆبەکێی ئاگایاندنەکان لە فەرگەدا پێویستە دیموکراسیانە بێت لە میانەی کاری کارگێڕیی و فەرکردن و پڕۆگرامکردنەدا، هەموو ئەمانەش دەچنەوە ئاژەی پشکۆتنی کۆمەڵگەیچ لە ڕووی ئامێر و ئامراز بەرهەمهێنەکانەوە بێت یان لە ڕووی خزمەتگوزاریەکانەوە بێت.

ئەگەر چالاکیەکان دەستپێکێکی فەلسەفیی پراگماتیکیی بێت لە پرۆسە دیالێکتیکیە پڕۆگرامێکەدا، ئەوە دەبێت وردەکاریەکان و بەشە چکۆلەکە و وردەکان هاوتا بن لەگەڵ گشتاکاریەکاندا و بریتی بێت لە ڕەنمایەکان بەرامبەر بە شێوە و فەرمی کێشە و گرفتە واقیعیەکانی کە دێتە ڕێگەی فەرخوازەکان، واتە کێشە کۆمەڵایەتیەکان بخرێتە نێوەندی فەرگەکانەوە و مامۆستایانیش ئامادەباشییان هەبێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە کوتپێیی و لە

ناکاوکان. بە واتایەکی تر ناوەندکی فەرگەکان و پرسیارگەلی فەرخوازان لەسەر کۆشە و گرفتکانی ناو کۆمەڵگە بە خرایی و ناستوخۆ وەڵام بدرێنەوە و دیموکراسیانە ڕەخنە و پرسیارکان قبووڵکرێن.

بگومان دەبێت پێداگیری لە نوێکردنەوەدا بێت و ئامانجە دایلێکتیکیەکان هاوتەبا و هاوئاهەنگ بن لەگەڵ گۆڕان و پەرەسەندی پێداگیری و داوکارییەکانی بازاڕ و کار و گۆڕەپانی زانست و تەکنەلۆجیادا، بەڵێ پێویستە سوود وەربگیرێت لە هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە بەردەستەکان لە مەیدانی فەرهەنگی و زانستێ پێدراو و بەردەوامەکاندا، هەموو ئامرازە نوێکان بە دوای ئەزموونکانەوە بن بە گەیشتن بە تازەگەریی و هاوبەشیکردن لە دەوڵەمەندکردنی سیستەمێ پەروەردەیی ئارەزوو بزوێنەکاندا. ئەم پرسیە سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت لە ڕێگەی بەدەستهێنانی ژینگەیەکی پێداگیری گونجاو و باشەوە نەبێت، وەک فەرگەی ژیان و ژیانکردن، کەڵەی هاوبەش و دامەزراوە پێڕژیەکان، چاکسازی و دیموکراسی لە ئیدارەدا، چاکاسازی کۆمەڵگە بە بەردەوامی و هەمیشەیی، چاکسازی و باشکردنی ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن و چاودێریکردن بەسەر بنەماکانی پێداگیری و چلاکییە واقیعیەکانی بەشە بچکۆلەکانەوە، هەروەها پێکهێنانی دەستەی بەدواداچوون و پشکنین بە ئاوەی کارەکانی خێان و دەوری خێان بە باشی جێبەجێ بکەن، وەک چاودێریکردنی مامەستایان و ڕێنمایکردنیان لەسەر نوێترین و باشترین جۆری بەرهەمەکان. هیچ مامەستایەکیش سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت لە پێناسەی فەرکردن و فەربووندا ئەگەر سیاستێکی کراوە و هاوکاری و یارمەتی و دیالۆگ و کارکردن لە چوارچێوەی تیپێکی پەروەردەیدا نەبینێت، هەروەها گرنگیدان بە باسە زانستیەکان و بەرهەمە فەرهەنگیەکان لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی گەیشتن بە زانین و پەرگرامی نوێدا.

**فەلسەفەی هاوبەشیکردن:**

بە بونیادنانی پێڕژە پەروەردەیەکانی خزمەت بە دامەزراوەکان لە دوور یان لە نزیک، بگومان پێویستە چاوبخرێتە سەر بابەتە هاوبەشە یەکەمیی و زەر پێویستەکان وەک بەرنگاربوونەوەی بەفڕانداکات و وزە فەرگەیەکان لە ڕێگەی هاندانە پەروەردەیەکان و پشکشکردنی سەعاتی زیادەی خەبەخشی بە زیاتر خزمەتکردنی فەرخوازان و یارمەتیدانیان بە پیاجوونەوە و گۆڕانەوە بە وانکانیان و جێبەجێکردنی ئاو ئەرک و وەزیفانەی دەدرێت بەسەریاندا لە فەرگەکاندا، یان دەدریت بەسەریاندا بە تەواوکردنی

سەعاتەکانی خوێندن واتە لە ماڵەوە یاندا، یان جێبەجێکردنی ئەرک و وەزیفە وەرزییەکانیان ئەویش بە پێی پڕۆگرام و شیکارییەکانیان لە لایەن خێزانەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و فێربوون، هەروەها بە پێکردنەوەی هەموو کەلێن و کەماسیەکانیان لە ڕووگەی ڕێنماییەکان و هەوڵە دیموکراسییەکان کە لەسەر ئاراستەکردنکی ڕاست و دروست و سەرکەوتن بە دیالۆگ و مشتومڕکی دیموکراسییانە و لێزیکانە.
شتێکی ئاشکراشە کە ئەتوانرێت پەنابەرێتە بەر مامۆستاکان و سەرپەرشتیاران و سوود وەربگیرێت لە ئەزموون و ڕێنماییەکانیان بە گوێرەی باسە پەروەردەییەکان، کە چەق دەبەستێت لەسەر باشکردنی زانین و تێگەیشتنی فەرخواز، بە گونجاندنی فەلسەفەی چالاکی و تازەکردنەوەی ڕێگاکانی پێداگرگی و ئامرازەکانی دیالێکتیکیی و ئامرازەکانی چاودێری و هەڵسەنگاندن و ڕێکخستنەوەکان، بە ئەوەی بیرمان بچێت کە گرنگی هاوبەشیکردن لە بونیادنانی مامۆستایان و ئیدارەی پەروەردەیی لە لایەن سەرپەرشتیارانەوە و کارگێڕەکانەوە کە شارەزایان هەیە لە چۆنیەتی مشتومڕکردن لەسەر یاداشت و تێبینیەکان و ڕوونکردنەوەیان و باسکردنیان و تێگبیرکردن بە چارەسەری گرفتەکان و هەروەها چۆنیەتی سازدانی کۆ و کۆبوونەوە فەرکاریی پێوەندیدارەکان بە پەروەردەکردن و فیرکردنەوە.

هاوبەشیی ناوخۆییەکانی فەرگەکان بە ئامانجی گەشە و سەقامگیری و بەکارهێنانی دیجیتاڵ مەدیا و پێوەندییە تەکنەلۆجیەکان لە میانەی بونیادنانی دەستە و لیژنەکانی مەدیا و پێوەندییەکانی تایبەتی ئینتەرنێت بە جیهانەوە. نابێت بە ئاگابین لە گرنگی و بایەخی پرسە پێشکەوتووەکانی پێوەند بە مامەڵەکردنی سایکەلۆجیی و کۆمەڵایەتیی و ئیدارەیی بە شێوەیەکی بونیادی و مرۆڤگرایی لە وەزیفەکانی ناو دامەزراوە پەروەردەییەکان ئەویش بە ڕێزگرن لە فەرخوازن و کەسە پەروەردەییەکان و ئیداریەکان و هەڵسوڕاوە سەرپەرشتیکارەکان و دایک و باوکان و مندالەکانیان و پێناسەردن بە سیاسەتێکی نەرم و دایلۆگێکی دیموکراسیانە و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و جێبەجێکردنی پرنسیپەکانی یەکسانی و ڕێزگرتن لە چالاکیەکان و بەدیهێنانی کوالیتی داهێنان و چۆنیەتی و چەندێتی بەرهەمەکان.
هاوبەشیی پەروەردەییەکان ئەبێت پشت ببەستێت بە هاندان لەسەر داهێنانە پەروەردەییەکان و پشخستنی وەرزش و چالاککردنی دامەزراوە فەرکاریە هونەریی و فەرهەنگیی و مەدیایی و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان.

**پەداگۆگی بەهرەداریی:**

تیۆریا پەروەردەییە بەهردار و داهێنەرەکان پاڵ ئەدات بۆ کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان پێویست و بوونی، واتە: هەوڵدانێکی بەردەوام بۆ تازەگەریی و تازەکردنەوە و دووركەوتنەوە لە دووبارەکردنەوە و کۆپیکردنی ئەوەی کە هەیە و زووتر لەبەردەستا بووە، دووركەوتنەوە لە تازەگەرێتی خیاڵپڵاویی و هەوەدان بە بەدیهێنانی تازەگەرێتی ڕاستەقینە و واقیعیانە و بونیادنەر و مەبەستدار بۆ ئاراستەی سوودگەیاندن بۆ مرۆڤ و گەشەپێدانی مۆژووییەتی و کەمایەتییەکان. دیارە ئەمەش بەدی نایەت تەنها بە فێربوون و خۆڕاهێنان نەبێت، هەروەها بە جێبەجێکردنی پەداگۆگیەکی دیموکراسییکراوی ناو هەموو دامەزراوە دیموکراسییەکانی دەوڵەت. ئەم جۆرە لە پیداگۆگیی داهێنەر و بەهردار لە دەوڵەتی دیکتاتۆری و حوکمە ستەمگەرەکاندا جێبەجێ ناکرێت.

ناشتوانرێت قسە لەسەر تیۆریایەکی داهێنەرانە بکرێت ئەگەر هەوڵدان و هاندانێکی گەورە لە ئارادا نەبێت بۆ پلانێژ و بونیادنان و دووبارەکردنەوەی بونیادنان و پێشنیاز و دەزینەوە نوێکان و گۆڕان بە تواناکانی مرۆڤ لە ڕووی مادیی و مەعنەویەوە بە ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئاڵانگارییەک.

مەرجەکانی تیۆریای داهێنان و بەهردار پێویستبوونێکی هەمیشەیی بە نایابی جۆری بەرهەم لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتیەوە، ئەمەش بەدی ناهێرێت بە بونیادنانی دیموکراسیانەی فێرخواز و هاوکاتی و کەمکۆگەوە نەبێت.

کارایکردن و بە گۆڕخستنی ژیان وژینگەی فێرگەیی:

ژیان و ژینگەی فێرگە کار لەسەر دروستکردنی کەمکۆگەیەکی دیموکراسی و کراوە و هۆشیار و گۆڕاو دەکات لە نێو دامەزراوە پەروەردەییەکان و میانە و جۆگەی پەروەردەدا، هەروەها هەڵدەست بە توانەوە و سڕینەوەی ململانێ هەستیی و ناهەستییەکان و نامانی جیاوازیە چینایەتیەکان و سنوردانان بە هەموو هەکارە ململانێ بڕازێنەکان و دەڕوقیەتی کەمایەتیەکان، بە تایبەتی کە ژیان و ژینگەی ناو فێرگە بریتیە لە دامەزراوەیەکی پەروەردەکردن و فێرکردنی چالاکانە و کارایی و کردەیی، کە کار دەکات لەسەر دامەزراوەکانی تری ناو کەمکۆگە، هەروەها کار دەکات لەسەر زەرکردنی ژیانێکی بەختەوەر و هیوا و دڵنیایی و خۆشبەختی، دیسان کار دەکات لەسەر بەدیهێنانی ئازادیەکی ڕاستەقینە و و دڵنیایی کەمکۆگە، هەوڵ ئەدات بۆ جێگیرکردنی بەرزکردنەوەی فەرهەنگی هاوکاتی باش لە چوارچێوەی ڕێز و مافی فێرخواز و مرۆڤ لە ناو

دامەزراوەکان و، جێبەجێکردنی یەکسانی ڕاستەقینە و چەسپاندنی یاسا دادپەروەرییەکان و کردنەوەی دەرگا و دەروازەی پرنسیپەکانی گونجاندن و پێکەوە ژیان و تێڕانس بە دووركەوتنەوە لە جیاکاری ڕەگەزیی و توخم و زمان و چینایەتی یان کەمەایەتی، هەموو لە بەردەم یاساکاندا وەک یەک وا دەبن و، وەک یەک دەژین و، وەک یەک کار و چالاکی ئەنجام دەدان. هەزی سەرمایەی فەرهەنگی زۆر لە هەزی سەرمایەی ماددیی گەورەتر و بەهێزترە لە دامەزراوە پەروەردەییە دیموکراسیی و دادپەروەرەکاندا.

**جێبەجێکردنی پرنیسپەکانی وانە وتنەوە:**

گرنگترین ئامراز و ئامێری بەدیهێنانی پەروەردەی دیموکراسیانە، کە کار بکات لەسەر سنوردانان بە ململانێ جەراوجێرەکان لە ناوخنی چالاکیە پەروەردەییەکاندا، جێبەجێکردنی پرنسیپەکانی وانە وتنەوەیە، بە ئەوەی بتوانرێت توانا جیاوازەکانی فێرخوازان لەبەرچاو بگرێت، تا لەم ڕەگەیەوە بتوانێت ئاستێ چیاوازەکانی زیرەکی دیاری بکات و لەبەرچاویان بگرێت بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەنجامەکی ئەرێنی و پێداگرێکی کارامە بەش بەش کراوەکان، بە هەر ئاستەک لە ئاستەکانی زیرەکی و توانا جیاوازەکان ئەم پێداگرێیە کارامەیە کاری خێی دەکات و هەوڵ ئەدات لەم ڕەگەیەوە جیاوازیەکان بسەڵمێنێ. ئەم جۆرە لە پێداگرێیی بەوای وایە کە :"منداڵان لە تەمەنەکدا و لە پلەکدا، یان لە قۆناغەکی خوێندندا هەموویان وەک یەک نین و جیاوازی لە زیرەکی و توانایاندا هەیە بە نەهێشتنی ئەو جیاوازیانە، پێویستی بە پێداگرێیەک هەیە کە ئەو جیاوازیانە لەبەرچاو بگرێت، لەم ڕەگەیەوە ئەو منداڵانەی بە توانان، یان کەمتر توانایان هەیە لە منداڵەکانی دیکە پشدەخرێن و ئاستی زیرەکیان بەرزدەکرێتەوە و چیتر جیاوازنیەکان نامێنن".
بە نەهێشتنی ئەو جیاوازیانە، کە شتەکی سروشتییە و دەبێت زۆر بە ئاسایی وەربگیرێت. مامۆستاکان یان سەرپرشتیارەکانی فێرگەکان پێویستە هەوڵی ئەوە بدەن کە وانەی زیاتر بەو منداڵانە بڵێنەوە کە توانایەکی کەمتریان هەیە، زۆریش گرنگە کە بە توانایی ئەو منداڵانە بە جۆرێک لە بەرچاوبگیرێت کە هەستیان بریندار نەکرێت، چونکە بەو هەوڵانە بە ئاسانی دەتوانرێت ئاستی خوێندن و زیرەکیان بەرزبکرێتەوە بە ئاستی منداڵە زیرەکەکان.

# فوئاد حسێن و مەدام ماریا مۆنتیسێری

https://www.awene.com/2018/09/24/102532/

سەیری ئەخلاقی سیاسیی بکەن چەند قەزەون و دابەزیوە! لەسەر کاندیدکردنی فوئاد حسێین بۆ سەرۆکی کۆماری عێراق لە لایەن پارتیەوە، یەکێتی و شیعەکان هاواریان لە هەستاوە لەسەر ئەوەی هاوسەری ئەم زاتە جولەکەیە، نابێت نا موسڵمان ببێت بە خانمی یەکەمی عێراق. ئەم جۆرە قسانە، ئەم شێوازە لە سیاسەتکردن ئەوەمان پێ دەڵێت کە عێراق و کوردستان نوقمی ناگۆزپەرستی و ئایین و مەزهەب پەرستییە، کاندیدکردنی کەسێک بۆ وەرگرتنی هەرچ پۆستێک بۆ دەبێت شوناسی ناگۆزیی و ئایینی هاوسەر و کەسوکاریشی بۆ بکرێت بە پێوەر!. ئەمە لە فەشەلی سیاسیی لە عێراق و کوردستاندا زیاتر هیچی تر نییە.

پێوەری سەرۆکی کۆماری عێراق، ئەبێت لەسەر پێوەری تەکنۆکراتی و زمانزانی و شارەزایی و خاوەن مەڕاق و پرنسیپی عەدالەتخوازی و یەکسانخوازی و دیموکراتخوازی و باوەڕبوون بە پێکەوەژیانی عێراقیەکان بێ بە جیاوازی و دوور لە ناگۆزپەرستی و ئایینپەرستی هەبێت، نەک لەسەر ئەوەی هاوسەرەکەی جولەکەیە یان مەسیحیە. پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هەمان پێوەر سەقەتەکە و درکدنیش وەکامی یەکێتی و شیعەکان لە ناگەی پەرلەمانتارەکی پێشوویەوە دەداتەوە!، ئەم پەرلەمانتارەی پارتی دەڵێت:"ژنی فوئاد حسێین جولەکە نییە، بەڵکو مەسیحیەکی هەندیە و لە بنەماڵەی مەدام ماریا مۆنتیسێریە!

چەند پاساوی یەکێتی و شیعەکان جگەی گاتەجاییە، زۆر لەوە زیاتر بەرپەرچدانەوەکەی پارتی و پەرلەمانتارەکیان جگەی گاتەجاییە و پێکەنینە. پارتی و پەرلەمانتارەکیان هەر لەسەر پێوەری گاڵتەوە بە ئابوردوو، گاڵتەوە بە بنەماڵەیی بەرگری لە فوئاد حسێین دەکەن و، بە هاوسەرەکەیدا هەڵدەدەن کە گوایە لە بنەماڵەی پەروەردە ناسکی بە ناوبانگی ئەوروپیی وەک مارایا مۆنتیسێریە.

مەدام ماریا مۆنتیسۆری لە ساڵی ١٨٧٠ هاتۆتە دنیاوە، کە ڕێنگە هاوسەری دکتۆر فوئاد ئێگەر لەو بنەماڵەیەش بێت ببێت بە کچێ زا زا، یان کوڕێ زا زای مەدام مۆنتیسۆری، ئاخر دەبێت ئەو چ پەیوەندییەکی بە کەسایەتی هاوسەری ئەم بەڕێزەوە هەبێت. عەقیدەتی ئەمانە ئەوەیە کە"گیا لەسەر بنجی خۆی دەوێتەوە" کە بە هیچ شێوەیەک ئەوە وانیە. لە خوارەوە کورتەیەک لەسەر مەدام ماریا مۆنتیسۆری دادەنێم

---

مەدام ماریا مۆنتیسۆری Maria Montessori، بەخۆکەر و ڕاهێنەر و فەیلەسووف و پزیشکەکی ئیتالیە، لە ١٨٧٠ هاتۆتە دنیاوە، ئەم ژنستەرە گۆشە و زانا مەزنە یەکەم ژن بووە لە بواری پزیشکیدا لە وڵاتی خۆیدا سەرکەوتنەکی گەورەی بەدەست هێناوە. ئەم زانایە قوتابخانەیەکی تایبەتی کردووەتەوە بە ئەو منداڵانەی لە تەمەنی عەقیدەوە دواکەوتوو بوون، بە جۆرێک منداڵە شێت و دواکەوتووەکانی ڕاهێناوە و پەروەردەی کردوون، کە لە منداڵە ئاساییەکان پشکەوتووتر بوون، ئەم زانایە دەڵێت: "لە کاتێکدا کە خەڵکی زۆر سەرسامن بە پەروەردەکردنەکەی من، کە چۆن منداڵە دواکەوتووەکانم پێش خستووە و توانیومە زاڵ بم بەسەر نەخۆشیە دەروونی و عەقیدەکانیاندا، منیش پێم سەیرە. بەڵێ هەمان ڕێگەی من ناگرنە بەر بە پەروەردەکردنی منداڵە ئاساییەکان، کە زۆر پشدەکەون و سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێن". واتە پەروەدەکردنەکەی ئەم زانایە بە هەردوو حاڵەتی ئاسایی و نائاسایی لەبارە. بەرتراند ڕەسڵ وەک فەیلەسوو و زانایەکی پەروەردەیی زۆر ئاماژە بەم پەروەردەیەی مەدام مۆنتیسۆری دەدات و سەرسامە پێی.

---

# بانگهێشتی ناشارستانییانەی بەربژێرکان … جیهاد موحەمەد

هەبێت، زۆرن ئەو بانگهێشتە ناشارستانییانە، تەنها لەسەر یەک

دانیان ئادەستم و ئای خەمی لەسەر دەدەم، ئەویش پێکردنی شەقام و دار و دیواری ناوشارەکانێ بە وێنە قەبەو زلەکانی بەربژەران.

لە کولتووری بانگهێشتکردنی وەکاتانی ڕۆژهەڵاتیدا وا باوە و بووە بە کارێکی ئاسایی وێنە هەڵواسینی بەربژەرەکان، لەوانەیە قبووڵ نەبێت ئەگەر بڵێین پێویست بە وێنە هەڵواسین ناکات، تەنها ناوەکان و ژمارەی لیست و ژمارەی بەربژەر بەسە لەگەڵ پیام و بەرنامەکانیان، بەڵێ ئەمەش ناچار بە کارێکی ئاسایی وەردەگرین، بەڵام چۆن؟ لە ئاستیدا وێنەی بەربژەر تەنها بە ناساندنی خودی بەربژەرە و هیچی تر، ناسینی بەربژەریش لە دەموچاوداییە نەک لە قەدوباڵادا، دەموچاو مرۆڤەکانی پەدەناسرێتەوە نەک قەدوباڵا و گۆرەیی وێنەکان. دیارە ئەوەش ئاستێ گۆرەیی وێنەی دەموچاوەکان پێویستە بوونەوەرە بێت کە مەبەست لێیان بە تەواوەتی ناسینەوەی بەربژەرەکان بێت، واتا گۆرەیی وێنەی دەموچاوەکانیش پێویست ناکات لە سنوری خەی تێپەڕێت. هەرچ بەربژەرێک توانیبێتی وێنەی دەموچاوی خەی لە سنورەکدا بە گۆرەیی نیشان بدات و نمایشی بکات کارێکی زۆر ئاسایی و ناشارستانیەتی پێوە دیار نییە لەم کولتووری ئەمەدا. بەڵام ئەگەر بە وردی سەیری وێنە هەڵواسراوەکانی بەربژەرەکان بکەین زۆربەی زۆریان بە شێوازێکی ناشارستانییانە وێنەکانی خۆیان نمایش کردووە، ئەمەش جێگەی پرسیار و ڕەخنە و تێبینیە:

١/ ئەو بەربژەرە ژنانەی کە بە خۆگرتین و کراس و کەواو سوخمە و هەڵەکی ئاڵاو واڵا و جل و بەرگی گرانبەهاوە سەرتاپای لەش و لاری خۆیان نمایش کردووە، جوانکاری و میکیاژێکی زۆقیان کردووە، جێگەی پرسیارە؟ بە ئەم کارە دەکەیت؟ بە بەو جۆرە خۆت نمایش کردووە؟ تەی بەڵێز دەتەوێت بە وێنەکانت خەڵک بتناسێتەوە وەک بەربژەرێک بە پەرلەمان و دەنگ بە دەستبهێنێت لە ناو ناسیاو و دەستکانتایان بە ئاهەنگ و سەیران و نمایشی جل و بەرگر خۆت ئازاندێتەوە و خۆت نمایشکردووە لە چوارچێوەیەکی گەورە و زەبلاحی چەند مەتریدا؟ لە کاتێکدا تەی بەڵێز دەتوانێت ببیت بە نوێنەری خەڵک، حەتەمەن ئەو خەڵکەی تە دەتەوێت ببیت بە نوێنەریان و لە پەرلەماندا بەرگریان لە بکەیت، زۆربەی زۆریان هەژار و نەبوون، ئەی نازانیت دەیان و سەدان کێچ و ژنی هەژاران هەیە، کە وێنەکەی تە دەبینێت خەرگە هەڵدەکشێت جارێک بیتوانیایە جل و بەرگێکی وا ئازاوە لەبەربکات! ئەی نازانیت ئەوە دەبێت بە ئاخ هەڵکشانی دەیان لە ژن و کچێ هەژارەکان! تە نمایشی جلوبەرگ دەکەیت یان دەتەوێت خۆت بناسێنێت بە خەڵک؟! ئەم دیاردەیە، بتەوێت یان نا دیاردەیەکی ناشارستانییە

و لە جێگەی خۆیدا نییەو لە کۆمەڵایەتیت کەم دەکاتەوە نەک زیادی دەکات. پەرلەمانتار دەبێت کەسانی سادە و ساکار و بەیژدان و ژیر و وریا بن، بە دەموچاوێکی ئاسایییەوە خەیان بناسێنن. ئەوەندەی جێستە و لەشولاری خۆت نمایشکردووە، دەیەکێکی ئەوە نەتوانیوە پەیام و بەرنامەیەکی جوانی ئاستگەیانە بدەیت بەخەڵک. تەی ژن دەتەوێت لەمشدا هەر لاسای پیاوە بەربژەرەکان بکەیتەوە؟!

٢/ ئەو سەرەک لیست و بەرژەرە پیاوانەی لە چوارچێوەیەکی گەورە و زەبلاحدا خۆیان نمایشکردووە، کە وێنەکانیان ئەوەندە گەورە و زەبلاحە چوارچێوەی ئاسنیان بە دروستکردوە و بە ئەسکەلە قایمیان کردووە بە دار و دیوار و سەر شەقام و شەشتەکانەوە، ئەم کارەتان یەجگار ناشرساتنییە، یەجگار کارەکی ناشیرین و نابەجێیە، ئەم کارەی تە، لای هەرچ کەسێکی بە ئاگا و هۆشیار لە کۆمەڵایەتیت کەم دەکاتەوە نەک کۆمەڵایەتیت زیاد بکات.

تە لەم چوارچێوە زەبلاحەی خۆت تیا نمایشکردووە و بستێک دەمت کردەتەوە گوایە کەسێکی هووخۆشیت و دەستکیشت بەرزکردەتەوە گوایە سەلام لە خەڵکی دەکەیت و کەسێکی ئاساییت، هیچ وانیە، ئەگەر واشبێت وێنەکەت ئەوەمان پێ دەڵێت کە تە دەربەستی ئەوە نایەیت لایەکی گەورە لە شەستکان کە هەڵەوی خەڵکیە بگریت، هیچ دەربەستی ئەوە نایەیت کە ئەم وێنەیی تە نمایشتکردوە بە واتای قەبەیی و گەورەیی و جەنتەی لەش و لارت دێت، ئایا بە هاست بوون بە ئەندامی پەرلەمان بە قەبەیی و زلیە؟ ئایا بە هاست لە جیاتی ئەو وێنە گەورەیەت پەیامێکی ژیرانە و بەرنامەیکی ژیرانەی هاستگەیانەت هەبووایە باشتر نەبوو، ئایا بە هاست تەنها پیشاندانی دوموچاوت لە وێنەیەکی ئاساییدا جوانتر و شارستانیانەتر نەبوو.
ئەم وێنە گەورەیەی تە ئەوەمان پی دەڵێت، تە کۆمەڵایەتیەکی لاوازت هەیە، جگە لەوەش پەروەدەیەکی سەقەتە بە منداڵ و مەردمنداڵ و گەنج و نەخوێندەوارەکان. وێژدان و عەقڵ و هاستگەیی مەرجە نەک وێنەی جوان و هازاوەی هەنگاو و هەنگ و گەورە و زەبلاح.

٣/ ئەی ئەو لیست و قەوارەکان؟ لە پای چیی و لەسەر چ بنەمایەکی شارستانیانە و چ بنەمایەکی بەربژەری سەرەکی حیزب و قەوارەکەت کە هەندەکیان مردوون و هەندەکیشیان زیندوون، بەو جۆرە نمایش دەکەیت؟ بەو ناوەوە کە ئەو کۆمەڵایەتیە مردو یان زیندووانە کەسانی کاریزمایی و بە وێژدان و عەدالەتخواز و یەکسان خواز بوون؟ باشە ئەگەر واشبێت، دەتانوت بە پیشاندانی مردووەکانتان خەڵبکەنە چاوی خەڵکیەوە، ئەوەی مرد لە گەڵ خۆیدا چاکەکانی خۆی برد، بە تە نییە

بازرگانێتی بکەیت بە چاکەکانیانەوە، کاتێک ئەمە دەکەیت، دەتوانیت ناشیرینیەکانی ئەمەی لیست و قەوارەکەی خۆتی پێ دابپۆشی، خەڵک بەو ئابوورووە ئاوە هەڵناسەنگێنێت، لەسەر کردەوە و هەڵوێستی ئەمڕۆتان هەڵتاندەسەنگێنێت. ئەو خاوەن لیست و حیزب و قەوارانەی کە زیندووشن لەسەر چ بنەمایەکی هەڵبژاردن و بڕیاردان و بانهگۆشتکردن وێنەی سەرۆککانتان لەو چوارچێوە گۆڕیدا هەڵواسیوە، ئایا خەڵک سەرۆککانتان ناناسێت؟ یان ئەوندە لاوازن، ئەوندە بە فکرن، ئەوندە ناشارستانیانە هەڵسوکەوتار دەکەن، نازانن کە ئەمە دەبێت بە جێگەی گاڵتەکردنی خەڵکی و خەڵک بەم نمایشانەوە بەتاقەت دەبن.

ئایا نازانن بە دەیان و سەدان جار ساڵانە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنکانەوە خەڵک سەرۆکانتان ئەوندە دەبینێت کە بەتاقەت و وەس بوون، دەتانوێت هەڵبژاردنیش بکەن بە دیاردەیکی ناشیرینتر و جارێکی تر وێنەی سەرۆککانتان پیشان بدەنەوە. بەم جل و بەرگە ئازاوە و گرانبەها و دەموچاوە زۆقانەوە دەتانوێت جارێکی تر سەرۆککانتان نمایش بکەنەوە، کە خەڵک لەیان بێزارە و بە داگیرکەریان دەزانن. ئایا قەبەیی سەرۆککانتان نیشانەی هێز نییە؟ هێزێک کە ئەوەی دەسەڵاتدار خەڵکی پێ دەتەقێنن، ئەوەی دەسەڵاتدار هەمیشە بە هێز ویستووتانە خۆتان بسەپێنن، هێز نمایشکردن یەکەکە لە ناشیرینترین دیاردەی ناشارستانیانە.

**جیهاد موحەمەد**
٢٢/٩/٢٠١٨

---

# تاوانێک دژەهەق بە پێپولەیێک … جیهاد موحەمەد

چ وەحشەتگەریەکە کوشتنی تۆ، چ دڕندەیی و بێ ویژدانیەکە خوێنهەڵنان لە تۆ، چ تاوانێکی گەورەیە سینەوەی ژیانی تۆ.
بە ڕاستی کوشتنی تۆ(ئازا خان) ئازارێکی گەورە بوو، ئازانم چەند دڵپاک و بەگەرد بوویت، ئەوەی تێی ناسیبێت ترساوە لە دڵپاکییەکەت،

بەڵام خۆ بە ئەمە نەبوو ئاگادارت کەینەوە لەو دەپاکییەت و پەت بەین گەلە گورگی پیاوان زەرن، چونکە زەر نەماندناسیت، لەوانە بوو ئەو ئامۆژگارییەمان نەک لە قبووە نەکەیت بەکو دەگرانیش بیت لەمان.
هەر ئەستا خانمکی بەڕێز تەلەفوونی بە کردم و ئەم هەواڵە دەتەزێنەی داپەم، پەشی وتم، وەک ژنکی ناسیاو و هاوڕێت پەکەشی کردووە و بە چەندین جار تەی جوانمەرگی ئاگادارکردتەوە لە دەندەیی پیاوە چەپڵە و چەقۆشنەکان، بەڵام بەداخەوە وەک دەڵێن و من تەم زەر نەناسیوە، تە هەر بە ساتەک گوگربووویت و دواتر هەموو ئامۆژگارییەکانت فەرامەش کردووە.

کوشتنی تەیکی دەساف و بگەرد، تەیکی بە گوناح و پاک و خاوێن و دوور لە هەموو دزی و گەندەیەک، تاوانکە هەندەی تاوانی لە سەدارەدانی کاکە ئامین حسین پەناهی و کاکە زانیار و لوقمان موڕادی، هەندەی تاوانی موشکبارانکردن و شەهیدکردنی پەشمەرگەکانی دیموکرات، هەندەی تاوانی کەین و فرەشتن بە کچ و ژنە ئێزیدیکانەوە.
تاوانی خوێنشتنی کەسکی بە تاوان و، تاوانی دەیان کەس و سەدان کەس وەک یەک وایە و جیاوازی نییە.

ئەوەی من لە دوورەوە، تەم ناسیوە، هیچت نەدەزانی جگە لە پەکەنین، جگە لە دەسافی، جگە لەوەی کە دەی خەت بە هەموو کەسەک دەکردەوە، تە دەبوایە دەی خەت تەنهان بە پەپولەکان بکەیتەوە نەک بە مرۆڤە دەڕەقەکان، تە دبوو لەگەڵ گوڵەکاندا بژیاییتایە نەک لەگەڵ مرۆڤی بە ویژدان، تە دەبوو لەگەڵ تەنکە بارانەکاندا گفتوگۆت بکردایە نەک لەگەڵ مرۆڤە چەپڵەکان، تە دەبوو تەنها دەرگا و پەنجەری ماڵە خنجیلەکەت بە گوگرتن لە جریوەی چۆلەکەکان بخستایەتە سەرپشت نەک بە گوگرتن لە قسەی باق و بریقی مرۆڤە بە ئابووەکان، تە دبوو تەنها لە گەڵ تەنهاییدا بژیاییتایە و نەفرەتی هەتاهەتایی لە مرۆڤی دەپیس بکەیت، تە دبوو بوکی ئازاوەی ئەوروپا ڤێننای پایتەختی نەمسات بەس بوایە بەت، تە دبوو کچ و کیژڵە هەست ناسکەکانت لە ئامێز بگرتایە نەک پیاوی مەشک پووت و ویژدان داڕزاو، تە دەبوو کچە گەریلایەک بویتایە بە قەدپاڵی قەندیلەوە، یان وەک دەستەخوشکەکانت لە کەبانی لە جیاتی لە ئامیزگرتنی پیاوەکی دە ڕەق تفەنگەک لە شانتا بوایە.

کچە دەساف و بگەردەکە، هەرچەند زەر نەمدناسیت وەلە بەڵاستی کوشتنی تە بوو بە ئازارەک بەرمنادات، ئەو تووندوتیژیە بە

ویژدانییەی بەرامبەر تە کرا هەندەی تر ڕقی ئەستورکردم بەرامبەر بە پیاوی دەرەق، بەرامبەر بە هەموو نەرسالاری و پیاوسالارییەک.

**جیهاد موحەمەد**
١٢/٠٩/٢٠١٨

---

# بەرژەوەندخوازیی، تیرۆریستان دابەشدەکات ... جیهاد موحەمەد

گومانی تیا نییە، گەورەترین هێزی تیرۆرستیی و داگیرکاریی ئەمریکا و سیستمی سەرمایەداریە، لەم سەردەمدا بە دڵگەمن وڵاتانێک هەبن توانیبێتیان خۆیان لە هەژموونی سەرمایەداری بپارێزن، یان توانیبێتیان دژایەتی هەژموونی سەرمایەداری بکەن، ئەگەر خۆپاراستن و دژایەتیکردنەکیش هەبێت لە ئارادا بەرامبەر بە ئەمریکا ئەوە لەو حاڵەتانەدا دروست دەبێت، کە لایەنی دژ و خۆپارێز هەست بە ترسی تەواو هەڵلوشین دەکەن لە لایەن سەرمایەداریەوە، لە ترسی تووشبوون بە قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بەرامبەر بە ئەمریکا دەوستنەوە. بەیە لە دواجاریشدا هەموو یەکدەگرن و بەردەوام لە شڕ و ئاشتیدا دەبن، ئەم ئامرازە (شڕ و ئاشتی) لە نێوان وڵاتانی سەرمایەداریدا سیاسەتێکە بەردەوامی دەدات بەم (نەزمە نوێە) کە لە ڕاستیدا نەزمی نوێ نییە بەڵکو بەزمی نوێیە.

سیاسەتی ترامپ بە ئاشکرا جیاوازە لە سیاسەتی ئۆباما، ئەم پیاوە سەرشێتە هەر لە بانگەشەی هەڵبژاردنکانیەوە بە سەرکایەتی کۆمار هەڕەشەو گوڕەشکانی خۆی لە دەوڵەتانی ئیسلام و دەوڵەتی ئێران نەشاردەتەوە، ئەم هەڕەشە و تەقاندنانەش لە پێناوی کۆکردنەوەی سەرمایەیکی نەختینەیی زۆبلاحدا بووە. ترامپ بە هەڕەشکانی دایەوەت هەژموونە ئابووریە زۆبلاحکەی ئەمریکا کە خۆی دەبینێتەوە لە بازرگانیە گەورکان و ناردنی کلوپڵ بە وڵاتانی دەرەوەی ئەمریکا لە بچوکترین ئامێرەوە تا دڵگات بە ئوتومبیل و گەمە و فڕۆکە و چەک و چۆڵکی زەری خۆزنکارو، هیچ وڵاتێکی وەک چین

و روسیا نەتوانن کەبەکەکی بکەن، لە لایەکی تریشەوە دەخوازێت جگە لە سەپاندنی ئەو هەژموونە ئابووریی و بازرگانییە، سامانەکی نەختینەی گەورەش کەبکاتەوە لە وڵاتانی وەک سعودیەی عەرەبی و قەتەر و ئێران و چەندین وڵاتی دیکە.

ترامپ زۆینیەکی باشی لە بەردەستایە بۆ مسۆگەرکردنی ئەم سیاستە هەژموونکاریە، جەنگ و پێکدادانەکانی نێوان سعودیە و ئێران، کە خۆی لە جەنگە نێگریس و نەبەاوەکەی نێوان هەردوو ئایینزای سوننیگەرایی و شیعەگەریی دەبینێتەوە. لە لایەکی تریش سەرکەشیەکانی ئەکپارتی و ئێردۆغانی سەرشێت، کە دەخوازێت هەڕەشە لە هەموو جیهان بکات و خەلافەتی عوسمانی بهێنێتەوە سەر سەحنی حکومڕانی و ببێت بە کۆخا و دەمسپی هەموو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بە تایبەتی کاتێک کە تورکیا زانیان لە یەکێتی ئەوروپادا قبووڵناکرێن ئیتر بە جۆرێک لە جۆرەکان دەستیان شت لە ڕۆژئاوا. لە لایەکی تر دەوڵەمەندیە گەورەکەی قەتەر بووە بەو دوگە چەورەی کە چاوچنۆکانە ئەمریکا چاوی تێبڕیوە، دەیەوێت سەدان ملیار دۆلار لە قەتەر بسەنێت، هەموو ئەمان زۆینەی لەبارن بۆ سیاسەت گەاوەکەی ترامپ.
ئەم چاوچنۆکیانەش بووەتە هەکاری دابەشکردنی تیرۆریستانی جیهان. لە لایەک ئێران و سعودیە، لە لایەک تورکیا و ئەمریکا، لە لایەکی تر ئێران و ئەمریکا. لە لایەکی تر ڕوسیا و چین لە هەوڵی ئەوەدان ئەم سیاسەتە قەزوونەی ئەمریکا سەرنەگرێت و هەرچەنەک بێت بەرژەوندی خۆیان لە جیهاندا بپارێزن.

ئەم سیاسەتەی ترامپ و بە گشتی سەرمایەداری جیهانی، بە تەواوەتی ترسەکی گەورەی دروستکردووە بە هەموو خەڵکی ژێر دەسەاتی ئەو دەوڵەتانە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند باری سایکۆلۆژی خەڵک لە حاڵەتەکی زۆر خراپ و ترس و تۆقاندندان لە قەیران و شەڕ و پێکدادانی ئەم هەڵە تیرۆریستانە، باری سایکۆلۆژی حوکمڕانانی ئەم دەوڵەتانەی ناوچەکە بە هەمان شێوە لە حاڵەتەکی خرپادایە و پڵەقاژەی مەرگیانە. کەواتە جیهان بە گشتی و وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و جیهانی سێ بە تایبەتی کەوتوونەتە دووبانەکی تاریک و ئاڵۆزەوە، بە جۆرێک کە هیچ کام لەم دەوڵەتانە ناتوانێت بیاری تەواوەتی خۆی بدات، ئەوەی کە هەیە تەنها هەڕەشەکردن و خۆ گیفکردنەوە زیاتر هیچی لێ سەوز نابێت.

هەڕەشەکانی ئەمریکا و ئیسرا لە یەکتری بڕدەوامە، هەڕەشە و نیگەرانییەکانی ئەمریکا و تورکیا بڕدەوامە. عەراق و کوردستانیش

لەم هەڵوێستە و گوتەکانی و نیگەرانی و تێکچوونی باری دەروونیە بە بەش نییە. عەبادی لە لایەک دەیەوێت ئەمە ناچارین بیارێکانی ئەمریکا جێبەجێ بکەین، لە لایەکی تر پێشیمان دەبێتەوە، دەچێت بۆ تورکای و پەیمانیش بۆ تورکیا دەدات، کە چیتر ناگۆڕێ بۆ هەڵوێشانەی نادات کە لە عێراقەوە دەکرێت لە تورکیا، هەر دوای ئەم پەیمانەی عەبادی یەکسەر تورکیا دەستیکرد بە هەڕشکردنە سەر شەنگال و چەندین کەسی سەرکردەی یەزیدیان تیرۆرکرد بۆ بەمبارانکردنی فڕۆکە جەنگیەکانیان. عەبادی دەیەوێت سەفەری ئێران بکات و لەولاشەوە ئێران قبووڵی ناکەن، لە لایەکی ترەوە هەموو هێزە سیاسییەکانی عێراق بۆ شیعە و سوننە و کورد، ناتوانن ئەنجامی هەڵبژاردنەکان جێبجێ بکەن و حکومەتی نوێ پێک بهێنن. قەتەر لەگەڵ ئەوەی پشی پشی بە ئەمریکا دەکات لە هەمانکاتدا خەی دەگەیەنێتە لای ئەردۆغان و پەیمانی ئەوە ئەدات کە بایی ١٥پانزە ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە تورکیادا ئەنجام بدەن. سعودیە بە جۆرێک سەرشێت بووە، کە محەمەد بن سەلمان دەیان لە شازادەکانی دەستبەسەر کردووە و داوای سەدان ملیار دۆلاریان لە دەکات، بە ئەوەی حوکمی بنەماڵەکەیان بپارێزن و خەیان دەرباز بکەن لە هەڵەش و هەژموونی شیعەگرایی و ئێران، ئەمریکاش هەرچی داواکرد بۆن بەسەر چاو. ئەم سەرشێتیەی محەمەد بن سەلمان گەیشتێتە ئەو ئاستەی بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە بە ساروخ لە قوتابخانە سەربازی و ناوەندیەکانی یەمەن بدەن و بە دەیان منداڵ خوێندکانی خوێن بکەن و هیچ هیزێکیش لە دنیادا ئیدانەی نەکات.

لە هەموو ئەمانە ناخۆشتر ئەوەیە، کە خۆکی ستەمدیدەی ئەم ناوچەیە لەگەڵ هەموو نیگەرانیەکانیاندا، لەگەڵ هەموو ترس و تەقاندنیاندا، بەش بەش بوون بەسەر ئەم هێزانەدا، کەمێک حیزبەکی ئیسلامی سیاسیی کاریگەریەکی ئاشکرای هەیە لەسەر گەوجاندن و خۆکردنە چاوی خۆکیەوە بە لایەنداری ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت. بە داخەکی گەورەوە، ئەو هێزانەی خەیان بە شۆشگێڕ دەزانن، ئەو هێزانەی دژی تیرۆریستان چەندین ساڵ دەجەنگن، وەک پەکەکە و پەیدە و شۆڕشگانان و یەپەژ و پەژاک و هێروەها هێزی پشمەرگە و گەریلا، دەیان خەشەبووی ئێران و تورکیا و ئەم دەوڵەتە فاشیانە تووشی قەیران و شۆڕە و پەکدادان دەبن لەگەڵ ئەمەیرکادا، بە ئەوەی ورد بیربکەنەوە کە هەموو ئەم شۆڕخوازی و هەڵەش و پەلاماردان و جەنگانە هیچیان لە بەرژەوەندی شۆشگێران و خۆکی ستەمدیدە نییە. جگە لەمانیش حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە چەپ و ڕاستەوە شەرمنانە ئیدانەی ئەم جەنگ و پەکدادانانە دەکەن، دنا لە دەوە هیوایان بەوەیە بەم شۆڕ

و پێکدادانانێ با سەدان هەزار کەسیشی تیا بچێت، با ماڵی سەدان هەزار کەسیش وێران بێت، با بە سەدان هەزار منداڵ تووشی مردن و لە ناوچوون و نەخۆشی و لانی کەم تووشی نەخوێندەواری و تووندوتیژیی بن، بەڵام گرنگ ئەوەیە لایان کە ئەم دەوڵەت وحوکمڕانانێ لاواز دەبن و ئەمان دەتوانن لەگەڵیان رێکبکەون یان جارێک لە حوکمڕانیێ گەندەڵەکەی باشوریان پێ ببڕێت.

هەرچی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانی باشوریشە، ناتوانن هیچ بەیارێک بدەن، وەک سەرکەی حکومەتی هەرێم دەڵێت، ئەمان خەیان ئادەستی چارنووسی عێراق کردووە، ئەو عێراقەی کە ئیفراندەمیان دژی دەکرد و، دەیانوت ئەوی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا نەبێت خائینە، ئەستاش وشەی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەسەر دەمیانەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەداوانیانێ چەن کەڵەک پەستی گەورە لە عێراق وەربگرن.

**جیهاد موحەمەد/**
١٦/٨/٢٠١٨

---

# هەڵەی ئەپەزسیۆن پێش ١٢ی پێنج … جیهاد موحەمەد

زەربەمان لەو ئاگادارین و دەزانین، کە دەسەڵات بریتیە لە کەڵەک پێیوەندی، پێیوەندیکانی خێی لەگەڵ سوبکتەکاندا، یان باشترە بڵێین لەگەڵ کێی کەمگەدا لە رێگێی کەڵەک دامودەزگاوە جێبەجێ دەکات، وەک دامودەزگا یاسایی و دادگاکان و دامودەزگا کولتووری و زمانەوانیی و پەروەدەیی و قوتابخانەکان و زانکەکان و دامودەزگا مەدیایی و سۆسیال مەدیا و رۆژنامە و رۆژنامەوانی و دامودەزگا دینیەکانەوە، کە ئەمانە هەمویان دامودەزگاگەلکی ئایدەلۆژین. جگە لەمانەش کەڵەک دامودەزگای سەربازیی و پۆلیس و ئاسایش بە ئاشکرا و هەندەک جاریش دامودەزگای لەم جۆرانە بە شاراوەیی هەیە، وەک کەڵەک کەسی بەتەجی و سیخور و خەبەرلەدان و چاودێریکردنی هەرچ جوڵە و بزاوتێک، کە ترسیان لێیان هەبێت، کە

دیارێ لێم کاتانەدا ئەم دامودەزگایانە بە سەرکوتکردن و پێلامار و هەڕەشەکردن بەکاریان دەهێنن.

دەسەڵات، لە هەرچ شوێنکی دنیادا لە هەوڵی ئەوەدایە، کە خۆی بسەپێنێت، ئەو خۆ سەپاندنە یان بە رازیبوونی تاکەکان و کۆمەڵگە فەراهەم دەکرێت، وەک دەوڵەت و حکومەتە دیموکراتەکانی ئەورووپا، یان بە زۆرە ملێ و بە سەرکوتکردن فەراهەمی دەکەن، وەک دەوڵەتان و حکومەتەکانی رژێمە ناتی ناوین، کە کوردستان و عێراقیش لەو جۆرەن.
ئەپۆزسیۆنی راستەقینە و دروست، ئەپۆزسیۆنێکە، کە ڕەخنەی هەموو ئەم پێوندیانە دەکات، ڕەخنە لە پێناوی گەیانکاریدا، ڕەخنە لە پێناوی جێگرەوەی دەسەڵاتی ستەمکار بە دەسەڵاتێکی دیموکرات و دادپەروەر.

دەسەڵاتی ستەمکار، تەنها لە یەک بواری ژیاندا، یان لە یەک دامودەزگادا ستەمکار نییە، بەڵکو کۆی دامودەزگاکانی لەسەر ئەو فەرهەنگە دامەزراون، کە دەسەڵاتی ستەمکار بپارێزن، ببن بە هۆکار و فاکتەرگەلێک بە درێژدان بەم حوکمانییە ستەمکارە، بە ناوی شەرعیەتی حوکمانییەوە، کە زۆر جار ئەو شەرعیەتییان لە هەبژاردنکانەوە وەرگرتووە. ئەمەوێت ئەوە بڵێم، کە پێویستبوو ئەپۆزسیۆن زۆر لەوە زیرەکتر و وردتر بێت، کە بکەوێتە داوی ئەوەوە کە بە بوونی کەمێک کەسی باش لەم دامودەزگایانەدا ئیتر چاوپۆشی بکات لێیان و بە دامودەزگاگەلێکی پاک و خاوێن و دیموکرات سەیریان بکات. بە نومووونە پێدەچێت کەمێک دادوەری باش لە دادگاکاندا بوونیان هەبێت، کەمێک مامۆستا و بەڕێوەبەری باش لە قوتابخانکاندا و لە زانکۆکاندا بوونیان هەبێت، کەمێک ئەفسەر و لێپرسراوی باش لە دەزگاکانی پۆلیس و سەربازییدا بوونیان هەبێت، هەروەها... گەلێکی تریش.

دەبوو ئەپۆزسیۆن هێندە زیرەک بوایە، کە بیزانیایە هەموو دامودەزگاکانی دەسەڵات لە کوردستاندا ماوەی ٢٧ساڵ زیاترە لە بوونیادەوە گەندەڵ بوون، لە بوونیادەوە بوون بە دامودەزگاگەلێکی ستەمکار و بەرهەم هێنانی ستەم و زوڵم و نادادپەروەری و نادیموکراتی. بۆیە بوونی کەسانی باش و دیموکراتخواز ئەم دامودەزگایانە نابن بە دیموکرات و دادپەروەر.

بەرای ئەپۆزسیۆن بە گشتی چ تاک یان وەک ئەرگانی سیاسیی، پێویستبوو ئەو حەقیقەتە بزانن، کە تا ئەم دامودەزگایانە هەنووشێنرێتەوە و لە جێگەیدا سەرلەنوێ نەکرێن بە دامودەزگایەکی

دیموکرات هیچ گۆڕانکارییەک دروست نابێت. ئالێرەوە چەند ڕەخنەیەک لەسەر ئۆپۆزسیۆن دەخەمە ڕوو: ١/ جەختکردنەوەی زۆر لەسەر دزی و فێزی دەسەڵات و بێ فیرەدانی سامانی وڵات و بێ موچەکردنی مامۆستایان و فەرمانبەران و گەندەڵیی زۆر و زەوەندکانی دەسەڵات، چەند کارەکی پێویست و لە جێگەی خۆیدا بووە، بەڵام نادەکرا ببێتە هەکارێک کە ئۆپۆزسیۆن بیکات بە چەقی ڕەخنەکانی خۆی بە جۆرێک، کە هەموو پێوەندیەکانی دەسەڵاتی لەو دامودەزگایانەی کە ئاماژەم پێدان لە بیربڕتەوە. دەبوو ئۆپۆزسیۆن مەسەلەی گۆڕانکاری لە هەموو دامودەزگا ئایدەاڵیزی و سەرکوتکەرەکاندا بکردایە بە مەسەلەیەکی ستراتیژی و تەنها چاوی لەسەر گۆڕینی سیستمی سیاسیی لە سەرکایەتیەوە بە پەرلەمانی نەبوایە، یان تەنها چاوی لەسەر دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەبوایە، چونکە ئەگەر بڕی ئۆپۆزسیۆن گزیی لە نەکرایە و بیتوانیایە زۆرینەی کورسیەکان بە دەست بهێنێت، ئەوە بە شێوەیکی ئۆتۆماتیکی دەستاودەستی دەسەڵات دەکرا، بەڵام بەم دەستاودەستکردنەی دەسەڵات، هیچ لە حوکمڕانییەکە نادەگەڕدرا، ئەگەر سەرلەبەری دامودەزگارگەلەکانیش نەگەڕدرایە بە دامودەزگاگەلێکی دیموکراتی و دادپەروەری.

٢/ دەبوو بڕی ئۆپۆزسیۆن و بە تایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان و کەمێی ئیسلامی نەکەوتنایەتە ژێر کاریگەری ریفراندەم شومەکەی پارتی و بارزانی، کە هەردوو ڕەکخڕی گشتی و رابڕی کەمێ دەنگیان پێدا.
٣/ دەبوو بڕی ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان ڕاستەوخۆ پشتیوانیان لە خۆپیشاندانەکانی مامۆستایان بکردایە و خودی خۆیان ڕاستەوخۆ هاوبەشیان تێدا بکردایە و ئەمەشیان ڕابگەیەندایە.

٤/ دەبوو ئۆپۆزسیۆن وەک هەموو ئۆرگانە سیاسییەکان، بە هیچ جۆرێک بڕوایان بە دامودەزگاگەلێک نەبوایە، کە دەسەڵات دروستی بکات و بچنە ژێر کاریگەریەوە وەک دەزگای کەمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، کە بەداخەوە خودی خۆیان بانگهێشتی خەڵکیان بۆ دەکرد، کە ئەم دەزگایە، دەزگاریەکی پاک و بگەڕدە و گزی لە ناکرێت.
هەموو ئەمانە قابیلی ڕاستکردنەوەن و شتێک نییە لە دەست چووبێت.

**جیهاد موحەمەد**
٢٤/٥/٢٠١٨

# کوردایەتی – بەشی چوارەم … جیهاد محەمەد

**فیوداڵی کوردایەتی**

بە درێژایی خەبات و تێکۆشانی میللەتی کورد، لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا، ـ جگە لە بیری عەبدوڵا ئۆجەلان و لەم چەند ساڵەی دواییشدا بیری پێدەڵێ لە رژێماوادا ـ فیوداڵەکان سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی ئەم خەبات و تێکۆشانەی کوردایەتیان کردووە، ئەگەر حیزبەکیش یان چەند حیزبەکیش، کە کۆمۆنیست خوێندەوار دایانمەزراندبێت بە ناوی درێژەدان بە هەمان خەبات و تێکۆشان بە سەندنی مافی نەتەوەیی گەلی کورد، هەمان عەقڵیەتی فیوداڵیەتیان هەبووە. فیوداڵەکان، شێخ و مەلاکان، یان ئەفەندیەکان هەمان عەقڵیەت و بیرکردنەوەی دژبەگایەتیان هەبووە. ئەوە ئاشکرایە لە دەستپێکی (شۆڕشی) ئەیلوول ١٩٦١، بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفای بارزان، فیوداڵەکانی دژ بە یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە ٣٠ ساڵی ١٩٥٨ ڕاپەڕین و هەزی چەکداریان کەکردەوە لە ژێر ناوی سەندنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد. تەنانەت باڵی مەکتەبی سیاسی هەمان حیزب(پارتی دیموکراتی کوردستان)، بە بە ڕابەرایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، لەگەڵ ئەوەی خەیان بە شاری و شارستانیی دەناسانەد، لەگەڵ ئەوەی ڕوویان کردبووە بیری ماوتسی تۆنگ و پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ حیزبی تووەدەی ئێرانیدا هەبوو، وایان پیشان دەدا، کە تەبەنی بیری چەپ و چەپەڕویی دەکەن، بەڵام بە هەمان ڕەفتار و کرداری فیوداڵانەی بارزانی و (شۆڕش)ی ئەیلوول ڕابەرایەتی هەزە چەکداریەکەی خەیان دەکرد.

ئەم فیوداڵانەی کوردایەتی، ئەو کاتانەی دەنگی خەیان بەرزدەکردەوە و دەستیان دەکرد بە نەوە نەوەی نژاد پەرستی و ڕەگەزپەرستیی و دیماگۆگییانە خەڵکیان لە دەوری خەیان کەدەکردەوە و خوتووکەی هەستی نەتەوەیی خەڵکیان دەدا، دژ بە هاوبیرەکانییان و هاو مەنتالیەت و عەقڵیەتی حوکمڕانە شۆڤێنیەکانی بەغدا وەک سەدام و مالکی و عەبادی، یان حوکمڕانەکانی تر لە سوریا و تورکیا و ئێراندا، لە بچووکترین دەرفەتی هەستکردن بە هەز و دەسەڵات، هەمان

ڕەفتار و کرداری حوکمڕانە چەوسێنەرەکانی گەلی کوردیان دەکرد بەرامبەر بە خەڵکە ستەمدیدەکەی، کە کردبوونیان بە سووتەمەنی هێزە چەکدارەکانیان. وەک پاوەڕی فرەیی لە کتێبی(پەیداگەی ستەملێکراوان)دا، ئاماژە دەدات بە ناشەڕشگێزتی ئەم جۆرە لە شەڕش، پەروەردەی شەڕشگێزتی ئەم ناشەڕشگێرانە ئاوە بوو، کە هەموو خەڵکی کوردستانیان بە نەزان و بە سەلیقە و نەخوێندەوار و گەل تەماشا دەکرد، خۆشیان بە زانا و دانا و تێگەیشتوو لە ماف و چەمکی مافی چارەنووس و ئازادی و سەربەخۆیی دەزانی، بۆیە بە هیچ جۆرێک دیالۆگ و دیبەیتیان لەگەڵ خەڵکدا نەدەکرد، بەڵکو خەڵکیان فێری ئاوە کردبوو، کە بەدەنگ و گوێایەڵانە دوایانکەون و هیچی تر.

ئەگەر بە وردی سەیری ئەدەبیات و نووسین وکتێب و بیرۆڕیەکانی ئەم فیوداڵانە بکەین، لە ماوەی سەد ساڵ زیاتری خەباتی میللی گەلی کوردا، بە دەگمەن نووسین و کتێب و بابەتی فکرییان هەبووە. ئەوەی کە هەیانبووە تەنها نووسینی بیرۆڕیەکانیانە و هیچی تر، هەڵبەت ئەگەر هۆشیان بووبێت، کە بە گومان لێرەو و لەوە هەندەکیان بابەتی فکری و تیۆریایی شەڕشگێریان هەبووە، وەک نەوشیران مستەفا و قاسم لە و جەلال تاڵەبانی، بەڵام نەیانتوانیوە پراکتیکەی ئاو بیر و بۆچوونە شەڕشگێریەکەن، چونکە وەک نووسین نووسیوانن، مێنتاڵیتەتە فیوداڵیەکەیان، دەستاخوازیەکەیان ڕەگەی پێنەداون پراکتیزەی کەمترین ئاستی تیۆریای شەڕشگێریی بکەن.

هەموو بیرۆڕیەکانی سەرکردە دیارەکانی ئەم بزووتنەوە چەکداریانەی کوردایەتی، پڕتی لە باسی قارەمانێتی و پاڵەوانێتی و داستانی دەگمەن لە شەڕکانیاندا دژ بە دەستاتە حکومەتانە شۆڤێنیەکان، خەی لە خەیدا ئەمە ڕاستە، هەموومان دەزانین، کە قارەمانێتی و پاڵەوانێتی پشەمەرگە بە وێنەیە لەم خەبات و تێکۆشانەدا، بەڵام قسەمان لەسەر ئاوەیە، کە ئەم هەموو قارەمانێتی و پاڵاوانێتیە، چونکە لە بیرکەی شەڕشگێریی و تیۆریایکی شەڕشگێریەوە نەهاتووە، بەڵکو تەنها وەک شەڕ و دژایەتیکی کورتبینانەو، بیرتەسکیی و بە بفکرییەوە هاتووە، بۆیە لە حکومەتانیی ٢٧ ساڵەیاندا هەموو ئەم پاڵەوانێتی و قارەمانێتیی و داستانە بە وێنانە بوون بە ئامرازێک بە دەستکەوتی خۆ دەوڵەمەندکرد و هووتاوەی خەڵک و بە هەدەردانی سەدان ملیار دۆلاری داهاتی کوردستان.

ئەم فیوداڵانەی کوردایەتی، چونکە لە سەرتاوە بە دوای دەستاخوازییەوە بوون، بۆیە نەگەیشتوونەتە لە هیچ خیانەتکردنێک

و هیچ فروفۆ و زۆرتێکی سیاسیی، کە خزمەتی دەسەڵات و درێژدان بە دەسەڵاتیان بکات. جگە لەوەی کە نەگەیەنتەوە لە جاشێتی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی چەوسێنەری گەلی کورد، لە ناو خودی خۆشیاندا دەیان شەڕ و پێکدادانی خوێناویان بەرپا کردووە، لەسەر دەسەڵات و پێست و پلەو پایەی سیاسیی و دزین و بە تاڵانبردنی سامان و داهاتی کوردستان، بە نموو لە ١/٥/١٩٩٤ تا ٨/٩/١٩٩٨ ئەو شەڕە خوێناوییەی، کە پەرایانکرد لە نێوان هێزە چەکدارەکانی پارتی و یەکێتیدا، لەسەر دزین و بەش بەشێنی داهاتی برایم خەلیل بوو، کە گەورەترین دهات و دەروازەی گومگرگی بوو لە جیهاندا، بە گوێرەی لێدوانی بەریتانیەکان لەو کاتەدا، ئەم شەڕە خەرجییە، ٤ ساڵاو ٤ مانگ و ٧ رۆژی خایاند، هەر بە گاڵتە پێکردن، کەبەکە دروستبووبوو لە نێوان سەدام حسێین و ئێران و تورکیادا بە ناوبژیوانی ئەم دوو هێزە چەکدارە، تا لە دواجاردا وەزیری دەرەوەی ئەمریک (مادەین ئۆلبرایت) بەو پەڕی نابەدڵیەوە ڕێکیخستنەوە.

بە فکریی و نەخوێندەواریی و خەرکەتیی و دەسەڵاتخوازیی ئەم فیوداڵانەی کوردایەتی، زەر جار پاڵنەریان بووە بە پەنابردن بە کۆنەپەرستترین بیریی ئیسلامی سیاسیی، لە پەناوی ئەوەی بەکاریان بهێنن دژی یەکێتری، لە کاتێکدا کە بانگهەشتی بیری ئازاد و دیومکراتییان دەکرد، لە هەمانکاتدا زیاتر لەوان تێبینی ئەو بیریان کردووە، کە پێی وایە، (ئەخلاق) کەشێی کورد وگاڵی کوردە، واتە وەک ئیسلامی سیاسیی بیری لە دەکاتەوە، نەبوونی مەراق و ئاکاری بەرزی خەڵکە، کەشێی بە گاڵ و نەتەوە دروستکردووە، کە پێچەوانکەی راستە و ئەوەی مەراق و ئاکاری بەرز دروستدەکات، پەروەردەیەکی هاوچەرخانە و شارشگێریە، ئەویش بە سیستەمێکی سیاسیی دادپەروەرانە و یەکسانخواز و دیموکراتخواز دروستدەکرێت. واتە بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بنەمای مەراق و ئاکاری مرۆڤدۆستییە، نەک ئامۆژگارییە دینیەکان بە دروستکردنی مەراق و ئاکاری مرۆڤدۆستانە. هەتا سیستەمێکی سیاسیی و حوکمانێکی دیموکراتییانە و دادپەروەرانە نەیێتە ئاراوە، نە پەروەدە، نە هیچ ئامۆژگارییەکی دینیی ناتوانێت بەها مرۆییەکان فەراهەم بکات. پەروەردەی دیومکراتیانە چ لە قوتابخانەکاندا، چ لە ناو خزانەکاندا، چ لە ناو هەموو ئەرگانە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکاندا، دروست نابێت، بە بە حوکمانییەکی دیموکراتیانە.

جگە پەنابردن بە فکری دواکەوتوویی و تووندووتیژی ئیسلامی سیاسیی، پەنایان بە دیماگۆگییەکی تری یەجگار بە مانای ریفراندم برد، کە

گوایە، گەلی کورد بە ئابووری سەربەخۆ و جیابوونەوە دەگات بە مافەکانی خۆی، لە کاتێکدا هەتا هەموو گەلی عێراق بە هەموو نەتەوە و دین و ئاینزاکانیەوە ئازادییەکی گشتی بە خۆیەوە نەبینێت، گەلی کورد و تەنانەت دین و ئاینزانکانیش ناگەن بە ئازادی و، ڕزگاریان نابێت لە چەوساندنەوە. نە دین، نە نەتەوە، نە تاک، نە ڕەگەز، نە چین، نە مرۆڤایەتی و ژینگەپارێزیی، ئازاد نابێت، تا بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئازاد نەبێت. دین کاتێک ئازاد دەبێت، کەسە دینی و کولتوورە دینیەکان کاتێک ئازاد دەبن، کە کەی کۆمەڵ و کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا ئازد بێت. ئەم ئازادیەش بە واتای خۆی، سەینەوەی عەقڵیەتی دەسەڵاتخوازیەکانی دین و ناسیونالستیی و نژادپەرستی و ڕەگەزپەرستیە، بەیە ئەم فیودالە نەتەوەپەرست و دینیانە هەمیشە دژی ئازادین و بەردەوام کار لەسەر درێژپێدانی کولتووری دواکەوتووی کۆمەڵایەتی دەکەن.

جیهاد محەمەد/ کوردستان
٥/٥/٢٠١٨

---

# کوردایەتی – 3- … جیهاد موحەمەد

**بەشی سێیەم**

خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بە گشتی و بە تایبەتی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە عێراق و گەلی کورد لە ئێراندا، خاوەنی تیۆریایەکی شۆشگێڕ و پراکتیزەی ئۆو تیۆریایی نەبوون، هەتا ئێستاش بە شێوەیکی هەمەکی و هەموو تیەیا و بیرکردنەوەی ئەم تێکۆشان و خەباتە خۆی لە کوردایەتیکی بیرتەسکدا دەبینێتەوە، هەرکەس و هەرچ بیر و بیرکردنەوەیک خۆی نەخستبێتە نۆو بەتەی ئەم کوردایەتیەوە، بە پەی خوێندنەوە و هەڵسانگندنە نالەبار و ناڕاستەکەی کوردایەتی تەخوین کراوە، هەر هیچ نەبێت پەی دەبن، عێراقچی و عێراقچیەکان، یان ئێرانچی و ئێرانچییەکان، ئەم چەمکە

بە واتا و پە لە تەنگەیشتنە بە فکرانە، زۆر دەمکە خزاندویانەتە نێو فەرهەنگ و ئەدەبیاتی سیاسییەوە، چ لە لایی کوردەکانی عێراق، چ لە لای کوردەکانی ئێران. زۆر جاریش دەستاتخوازییەکانیان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، کە چەندین جار شەڕی خوێناوی لەگەڵ یەکتری بکەن، ئەگەر ئەوشیان بە نزکرابێت، شەڕی ئاگەیاندن و تەخوینکردن و شەڕە جنێو تا ئێستاش لە ناویاندا نەبراوەیە. تەنانەت لەسەر دەمی سەرکردە و کەسە باڵاکانیانەوە خەڵکیان فێری ئەو کردوە، کە بە خەڵکی هەولێر بڵێن، هیچ نەزان، فەقیر، داماو، نەخوێندەوار و عەشایەر، یان بە خەڵکی سلێمانی بڵین ئێرانییەکان و فشەکەرکان و سلێمانجیەتیەکان و ئیرهابی فکری و قسەگەڵکی بە واتا و نابەجێ، ئەوانەی لە هەولێردا فێری ئەم ئەدەبیاتە پوچە بوون، بە توانج و تانە دەڵێن، ئێرە(واتە هەولێر) سلێمانی نییە!، ئەوانەشی لە سلێمانیدا فێری ئەو ئەدەبیاگە پوچە بوون، دەیان نوکتە لەسەر هەولێر دروستدەکەن.
ئەم سیاسییە بە فکر و نەزانانەی کوردایەتی، بە یەکتری دەڵێن خائین، درۆزن، ساختەچی، جاشی ئێران، جاشی عەبادی، جاشی تورک و میتی تورکی، کەچی وەک تریش لە پەناوی دەستاتخوازییەکەیاندا ئیتیفاقی سیاسیی و ستراتیژیی مەردەکەن لەگەڵ یەکتریدا. بە عێراق و حوکمڕانەکانی ئێستای عێراق دەڵێن، فاشی، دز، درۆزن و دوژمنی گەلی کورد، کەچی لەولاوە دەستوریان لەگەڵدا دەنووسنەوە، کە دەستوریش دەنوسنەوە شەڕ لەسەر ئەوە دەکەن، کە ئەم حیزبیان، یان ئەم سەرکردەیان، دەستی باڵای هەبووە لە نووسینەوەی ئەو دەستورەی، کە بە حسابی خەیان زۆربەی مافەکانی گەلی کوردی تیا بەدیهاتووە.

چونەک نەخوێندەوارانە و خەڵکیانە و لەسەر بنەمای بە فکریی و کوردایەتیە بیرتەسک و شۆڤێنێتیەکەیان سیاسەت دەکەن، چونکە چاویان لە دەستاتخوازیە، نەک لە مافی گەلی کورد، پە بە پەی پشێلکردنی دەستور لە لایەن حوکمڕانەکانی وەک مالکی و عەبادیەوە، ئەمانیش هەمان پشێلکاری دەکەن، واتە وەک شەڕە گەەک کار دەکەن و بیر دەکەنەوە. ئەم شەڕانە هیچ جیاوزی نییە لەگەڵ شەڕی نێوان دوو خەڵ، یان دوو گوندا.
هەموو ئەم تەخوینکرد و چەمکە سەقت و نالەبارانەش لە بە فکری و بە تەواەتی ناسیونالستییە نەژادپەرستیی و دواکەوتووەکەی کوردایەتیەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمانە وا بیریان کردەتەوە، کە مەسەلەی کورد و کێشەی کورد، تەنها وابەستەی یەک کێشەی نەتەوەیی و یەک کێشەی کوردستانی و عێراقی و ئێرانیە، بۆیە ئەمە دەخەکی هەندە بە فکری و ئایدۆلۆژی و فەلەسەفی بە هێناونەتە پێشەوە، کە

نەیانتوانیوە کێشەی گەلی کورد بخەنە سەر ڕاستەڕێی خۆی، کە کێشەیەکی ناوچەیی و جیهانیە، کێشەیەکە وەک هەموو کێشەکانی گەلانی تر لە ناوچەکەدا، کە ڕزگاری و ئازادی و سەرفرازی و سەربەخۆیان بە خەیاڵیانەوە نەبینیوە، بە پێچەوانەوە، ئەگەر گەلی کورد لە سەردەمانێکی دوورودرێژدا هەموو دەسەاتخوازن و حوکمڕانە ناسیۆنالستیی و حکومڕانە دینیی و دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکانی ئۆفەرز کردووە، بەنام گەلانی تری ناوچەکە وەک گەلانی عەرەبی و تورکی و فارسی کەوتوونەتە هەڵەیەکی گەورەی ستراتیژیی و نەزانین و ناهەشیاری ئەوتۆوە، کە بوون بە شەکەر و بەرگریکاری حکومەتە چەوسێنەرەکانی خۆیان بە ناوی حکومەتی عەرەبی و تورکی و فارسیەوە.

هەبەت ئەوەش هوونە و سەدان بابەت و کتێب و نووسینی لەسەر نووسراوە، کە ئەم حوکمڕانانەی ناوچەکە و هەموو ڕژهەاتی ناوین، بە وەکالەت وەکالەتی سەرمایەداری جیهانی دەکەن و بوون بە پارێزەری بەرژەوەندیە گەاوەکانی کەمپانیا سەرمایەدارەکانی جیهانی و خۆشیان وەک دەستبژێرەکی ئەو گەلانە دەستیان خستەتە بینەقاقای نەتەوە و گەلانی خەیانەوە و دایان دەدەشن، هەرچی پەی بەڵێی شکێنەدنی و هەڕەزی کەمەایەتی و سیاسیی نەتەوەیی و کەمە و چین و تاک هەیە نییانە.
ترسناکترین و خراپترین و هەڕەترین خەبات و تێکۆشانی گەلانی کورد لە ناوچەکەدا ئەوە بووە، کە هەمان بیرکردنەوەی حوکمڕانە جینەسایدکارەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەیان هەبووە. ئەم کوردایەتیە، نەیتوانیوە ئەم عەقڵیەتە داگیرکاریی و دەسەاتخوازیە تێپەڕێنێت.
هیچ کات و هیچ سەردەم و هیچ ڕژێک نەبووە و بەرگوێ نەکەوتووە، کە ئەم حیزبە کوردییانەی لەسەر بنەمای کوردایەتی دروستبوون و گەورەبوون، بتوانن ڕەخنەی خەیان بکەن و واز لە مەژووی خەیان بهێنن و بە گوێرەی سەردەم و عەقڵیەتە پێشکەوتووخوازەکان ڕەفتار و مامەڵە بکەن، بە پێچەوانەوە هەمیشە لە نەستالیژادا دەژین.

ئەمانە چونکە دەسەلاتخواز بوون، چونکە بیریان لای دەسەات و بنەماڵە و حیزبەکانی خەیان بووە، بۆیە هەرگیز لە ڕووی ئەخلاقی و بیرکردنەوەی فەلسەفیانە و پرسیاری فەلسەفیانەیان نە لە خەیان و نە لە کەسیان نەکردوە، لای ئەمان تەنها ئەوە گرنگ بووە، کە تەقەکردن و ڕاودونان و پاکتاوکردنی ئەو کەسانە لە ئارادا بێت، کە لەگەڵیاندا نین و ڕەخنەیان لە دەگرن. بۆیە چۆن لەسەردەمی شاخدا کەس نەیارەکانی خۆیانیان پاکتاو دەکرد و لە کونی زیندانیان

دەستن و بە دیان کەسیان لە تیرکردن، بە هەمان شێوە لە سەردەمی حوکمانیکەشیاندا، لەسەردەمی پەرلەمان و دامودەزگا یاساییکانیشیاندا، بە بە داداگییکردن دیان کەسیان خەتانی خۆن کرد و وازیان لە پاکتاوکردن نەهێنا.
ئەم کوردایەتیە بە جۆرێک بە عەقڵی و بە سەلیقەیی دروستکردووە نەک هەر لە ناو حیزبەکاندا بەڵکو لە ناو زۆربەی خەڵکی ڕەشووت و برسیشدا، کە هەموو گەلی عەرەب و فارس و تورکیان بە بە مەشک و دەندە سەریرکردووە، فەرهەنگێکی دوژمنایەتیان لە نێو خەڵکدا دروستکردوە، لەڕوویەوە، کە دەبێت ئەم کوردایەتیە، درێژە پێدەری چەوسانەوە و ناهەشیاری و بە مەشکی هەموو گەلانی ناوچکەیە بە گەلی کوردیشەوە، کە سەدان ساڵە شەڕی دین و ئیانزا و ناسیونالستیی دەکەن، بە ئەوەی خەیان هیچ سوودێکیان لە وەرگرتبێت و بە ئەوەی گەلی کوردیان گەیاندبێت بە هیچ مافێک.

